# چڵ بەست

# سەرهەنگ مەلا محمد

# هۆنراوە

**ئەم بەرهەمە بریتی یە لە**

**کۆمەڵێك بابەتی هەمە چەشنە**

**وەك**

**نیشتمانی - منداڵان - ئەڤینی**

چاپی یەکەم

هەولێر = ٢٠١٣

دانەی( ٤٠٠٠ ) دینار

ناوی کتێب: چڵ بەست

نووسینی: سەرهەنگ مەلا مەحمەد

تیراژ: ٥٠٠ دانە

ساڵی چاپ: ٢٠١٢

دیزاینی بەرگ سەنگەر عبدالقادر (٤٥٤٦٢٥٣)

چاپ: چاپخانەی (پایتەخت)

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارە **سپاردنی** (٢٨٨٢)ی ٢٠١٣ ساڵی پێدراوە

## سوپاس و پێزانین
## بــۆ

- كە ئەركی پێدا چونەوەیان گرتە ئەستۆی خۆیان
- فۆلكلۆر پەروەر ( حاجی سەعوللاّ شێخانی )
- دانەری حەیران ( حاجی عوسمان ئۆمەربلی )
- فەرهەنگ ناس ( عبدولوەهاب شێخانی )
- مامۆستا ( عبدوللاّ نامق ئۆمەربلی )
- مامۆستا ( عبدلواحد محمد ) جێگری سەرۆكی مامۆستایان
- ( بەدرخان بەكر شێخ شەروانی )
- حەیران بێژ ( شێروان شەیدا )

## پێشەكی

من ناوم ( سەرهەنگ محمد عزیز )ە لەدایك بوی سالی ١٩٦٨لەدەشتی قەراج گوندی ئازیكەند پاشان هاتوینەتە هەولێر لەهەولێر دەستم بەخوێندن كردوە سەرەتایم لەقوتا بخانەی بابە تاهیر دەست پێكردوە دوای چومەتە ناوەندی و تا دوی دوا ناوەندیم خویندوە لەبەر بارو گوزەرانی ئەو كات نەمتوانی درێژە بەخوێندن بدەم زیاتر لەساڵەكانی ١٩٨٦ دەستم كرد بەنوسینی هۆنراوە زۆر خولیای شیعر بوم شیعری شاعیرە گەورەكانی كوردم زۆر خوێندۆتەوە دیوانەكانی هەرە زۆریانم هەیە

ئەم بەرهەمەشم زۆر لەمێژە خەریكیم تالەم ماوەیە بۆ ڕەخساو توشی كەسانی دلسۆزی وەكو مامۆستای زۆر گەورە زۆر دلسۆز بۆ ئەدەب مامۆستا ( حاجی سعدللە شیخانی ) زۆر هاریكاری كردم وەهەروەها حەیران نوسو كەلە پور پەروەر( حاجی عوسمان ئۆمەربلی )و ( بەدرخان بەكر شێخ شەروانی ) زۆر لەگەل ماندو بون بەراستی ئەو كەسانە خزمەتی زۆر بەئەدەبو كەلە پوری كوردی دەدەن هیوا دارم سودیكم بەخوینەران گەیاندبێ بەم بەرهەمانەم وەهیواشم وایە لەكەموو كوڕیشم ببورن.



**سەرهەنگ مەلا محمد**

# بەشی
# نیشتمانی

# کەرکوك

دەست لەکەرکوك هەڵناگرم جەستەم دابێژێ دۆشکە
چاوچنۆکی داگیر کەر بەس مات لەم شارە خۆ شکە
چارەنوسی میللەتێك پێ شێلو فەرامۆ شکە
نایەلم تیا پالکەوی لەم قەسرو قەلاو کۆشکە
هەزارسال شەڕم بکەی دەست لەم شارە بەرنادەم
کەرکوك شارێکی کوردە لەگەڵ هاتنی ئادەم
دە تخەمە نێو مەنزەنیق بۆ گیان بازی ئامادەم
تۆ لە ئەقلی خۆت دەرکە من ئەم شارە بەلادەم
شارەزای زەبری من نی کە لولەی بڕنۆم بادەم
دەریایەك خوێنم ڕشتوە ئەم شارە بە تۆنادەم
ئەمڕۆش کەرکوك داگیرکەی رازی نیم و ناهێلم
دەریای خوێن هەڵ ئەبەستم ئەم شارەجێ ناهێلم
شاخی سەربەرزی حەمرین ئەکەم بەقەبرو کێلم
کورەی شۆرش جۆ شەدەم لەبۆ مافی پێشێلم
کەرکوك دەست هەڵ ناگرم سوێند بەقەلاو بەخاسە
دەست لەم چەکەهەڵ ناگرم کەرکوك تادوا هەناسە
ئەم شارەت بۆ قوت نادرێ ئەی داگیر کەرخولاسە
وەرە لەمەیدانی شەڕ پێشمەرگەی کورد بناسە

# خانەقین

باوڕبکـــــە شـــــارەکەم ئـــــەی شـــــاری خانـــــەقینم
لـــە بەرامبـــەر دوژمـــن دا هەڵـــساوە ڕقـــو قـــیم
وا نـــەزانی داگـــیر کـــەر بـــێ هیـــزە توانـــاو تیـــنم
ئەگـــەر هێزیـــشت زۆربـــێ بـــەبڕوام لـــە بـــن دیـــنم
بۆخۆت سەیری مێـژوو کـە دەسـت سـورنەکەی بـەخوێنم
داری ئـــاڵای کوردســـتان لـــە کونـــە گوێـــت ئەچـــەقێنم
هاکـــا چـــەکی تـــۆزاویم لـــە کـــەڵ شـــاخا دەریـــنم
بـــستێ خـــاکم داگیرکـــەی وەك گـــەلا ئـــەتوەرینم

# بەهاری هەولێر

شارەجوانەکەم نەورۆزە هەولێر
تورەی شمشاڵەو زۆڕنایەو بلوێر
لەسەرقەڵاکەت گڕو مەشخەڵە
یاخوا هەربژی ئەو شارو گەلە
مەشخەڵ مژدەی دا بەلوتکەی سەفین
مژدەی دا هەڵگورد قەندیلە مەتین
بۆقەرەچوغیش هەناردی پەیام
هاوخۆشی و خەمین لە کۆنو عەیام
ئینجا بەیانی سەیری بەردەباز
سەیری ناو دۆڵ و تەپۆڵك و هەوراز
یان تۆ ببینە بنار زورگە زراو
شایی و گۆڤەندە تاحوکمە کا چاو
بۆلای ڕۆژهەلاّت بۆ سەید عوزێر
لەزەماوەندە سەرتا پا هەولێر
لە سەر تەپۆلکێ سەیری هەنارە
هەزار جار بژی ئەو خەڵك و شارە
یان لە تەوسکە سەیری ئەو دۆڵە
گەرمەی شاییە و زوڕناو دەهۆڵە
سەیری دەربەندی کۆڕێ و شێرە سوار
بەڕاستی جوانی هەولێر لە بەهار

بەهەرچوار دەورت خەڵك لە گەشتە
وا بڵاو بووینە بەو دوڵ و دەشتە
سەماوەر سازەو گۆشتە برژێنن
بەشایی و خۆشی دەیگوزەرێنن
یاخوا شارەکەم هەر لەبەهار بی
خانەخێو پەناگای خەلکی هەژاربی

# پارك

پارکێکی زۆر ڕەنگینە سەوزپۆشە پڕ لەدار
پارکی هەولێری ڕە نگین پارکی جوانی گەورەی شار
هەموو وەرزێ گوڵ پۆشە بە چوار دەوری دار چنار
سەوزایی دا بە هەولێر چوار وەرزی کرد بە بەهار
ئەی پارکە ڕە نگینەکەم ئەی هاوەلی قەلاّتم
لە نێو گوڵ و گوڵزارت زۆر بەسەر دەبەم کاتم
گوزەر لە باوەشی تۆ ئەبتە خۆشترین ساتم
سەوز پۆشی شارەکەم پێشکەوتنی وولاّتم
شوێنی تۆ پارکی شارم ئۆردوی داگیر کەران بوو
شوێنی تۆ دایم ژێر پێی سەربازو ئەفسەران بوو
ئێرانە جێی ئەشکە نجەی ئازاو کۆڵنەدەران بوو
شوێنی تۆ جێی سەرکوتی جوتیارو ڕە نجدەران بوو
بە ڕاستی هەولێر بەتۆ هەوای پاکو سازگارە
سەوزاییەکی زۆر جوانت کردتە دیاری ئەم شارە
جوانیت دا بە قەلاّتو بە شێخەڵلەو منارە
دەست خۆشی بۆ ئەودەستەی ماندووەو دەستی کارە

# من سەرم بەرزە

من سەرم بەرزە هەموو کات من قەڵای بەرزی هەولێرم
من قەڵای قیتی ئەو شارەم بەهەر چوار لا دا چاودێرم
من پەیامی نەبەزینیش بۆ هەرچوار پاچە دەنێرم
من هاو سۆزو دەستە خوشکی قەرەچوغی گەرمە سێرم
من خۆشەویستی نێو دڵی گەلێکی ئازاو دلێرم

## من منارەم

من منارەی شێخی چۆلی و من دەستە خوشکی قەڵاتم
شانازی دەکەم کەرەمزم لە مێژودا بۆ وولاتم

## من هەولێرم

من هەولێرم من هەولێرم دەشتی پانی بەر والاتم
کەخەڵکی هەولێر دڵ خۆش بن ئەوکات دەگەم بەئاواتم
دەشتم دەشتی کشتوکاڵە لەوەڕگای مەڕو ماڵاتم

# شارەکەم

حەزدەکەم دڵنیاتان کەم کەمن ئاشقی ئەم شارەم
من ئاشقی قەلاّی قیتو کۆتری سەلامو منارەم
من فێری گوڵو گوڵزاری ئەو چوار پارکە پڕ لەدارەم
من هاو خەمو تازیە باری حاجی لەق لەقە زامدارەم
کەدڵم بکەوێتە ژان بۆنی هەولێر دەکات چارەم
بەڕاستی خۆشەویستمی شاری کۆنی هەزار سارەم
من فێری سەیرانی خۆشی دۆڵی تەوسکەو هەنارەم
ئەشقی سەیرانی بەستۆڕەو نێو قەدی ئەو شێرەسوارەم
نەڵێ ی بێکەسم هەولێرم من نەوەی نوێی ئەو جارەم
کەرپوچی قەلاّت ماچەکەم نەك هاوەڵی پوڵو پارەم
من پێنوسی نوسینەوەی نێو ئەو هەزاران ئاسارەم
هەزار جار ئامادەی مەرگم من لە پێناو ئەو هەوارەم
من فێری بۆنی قەیسەریو هەوای ئەو شارە سازگارەم

# کۆتری بەرقەلای هەولێر

کۆتری هەولێرم دەنوکم سورە
هەڵەفڕم بەسەر قەڵاو نافورە
لانەم دورست کرد لەکولانەی شورە
لەبەردەم قەلاش نارۆم ببورە
کەتێر دانم خوارد ئەفڕم بەباڵم
لەشاری هەولێر زۆر خۆش خەیالم
قەڵاو قەیسەری شورەن لە پاڵم
کولانەی کەرپوچ لانەیەو ماڵم
لەمنارەی لەق لەق دامانا لانە
کردومان بەلان کونجو کولانە
دیمە نمان دەوای زامی دڵانە
ژێرلانەو لیسمان باخچەی گوڵانە
کۆتری هەولێرم سەربەقە پلاغم
خاوەن نافورەو گولدانو باغم
لەگەڵ ئەو شارە دۆستێکی ساغم
هاودۆستی وانو سنەو سا پلاغم
کاتێ هەلەفڕم بەسەر ئەو شارە
پانتایی شارم هەمووی لێ دیارە
لوتکەی سەفینو بەستی هەنارە
هەتا تورەقو باغلو منارە
تامێر خوزارو گۆسکەو سێنارە

ڕۆژێ سەیرەکەم پڕژەی سپی ئاو
ئازادم هیچ کەس نامخاتە نێو داو
سەردا نمان ئەکەن خەلك بەربلاو
لەم پارکو ئاوە دلْ خۆشم تەواو
قەت لەهەولیْرم زیز نابم زوویر
قەت جێناهێلم قەلاّی کۆنی پیر
چایخانەی مەچکۆی پڕ لەڕۆشنبیر
شەو هەلْئەنیشم لەکونجو کولان
لەشورەی کەرپوچ سازم کردوە لان
بەیانیان دێمە ناو باخچەی گولاْن
کلکە خشێنم خۆش دەکەم دلاْن

## کارمەندی شارەوانی

کارمەندی شارەوانی
نیشانەی پاك وجوانی
پاك ڕادەگری شارەکەت
دڵسۆزی لە کارە کەت
خاوێنی لە ئیما نە
شاریش بەتۆوە جوانە
شۆستە و شەقام دەماری
دڵسۆزی و بە ختیاری
فرێ ئەدە ی پاشماوە
شارت کردووە ڕازاوە
تۆ زۆر جێی ئافەرینی
تۆ هێمای بۆ خاوێنی
ڕۆژێ ڕاگری کارەکەت
سەیری پیسی شارەکەت
بەڕاستی جێگای ڕێزن
پیاوی ئازا و بەهێزن
با بۆیان هاریکاربین
نەوەك مایەی ئازاربین
مە یخەسەرشەقام پیسی
بیخە تەنەکەو کیسی
خۆیان دێخنە مەترسی

دەس هــەڤیان کەمەوبرســی
بــەلأم پـــیرۆزە کـــاریان
بابــەس بــدەین ئازاریـــان
بەڕاســتی هــیلا کــــەبی
شاربەس بەتۆ پاکــــەبی

٢٠٠٨\٧\ ١٢

# ئارام ناگرێ دڵی من

ئارام ناگرێ دڵی من کاتێ دوورم لەم شارە

لە شیخەڵای ڕەنگین و جوانی و بەرزی منارە

لە هەرکوێی شار سەیرکەی قەلای قیتم دیارە

بە خەلکی شارم دەڵێ موژدە دەرچن بەهارە

بەهار دەوری سەوزەبێ و بەدەوری دار چنارە

لە بەرزی قەڵا وەستام تا چاو دەبینی دیارە

سەیری بەزم و سەیرانی گۆڤەند بە دەوری شارە

سەیرانچی دایان پۆشی دۆڵو دەشتی هەنارە

بەردەبازو دلۆپەو تەوسکەو شێرە سوارە

بەڕاستی ئەی شارەکەم ئارامم بە بینینت

بەهارزوو موژدە دەدەی بە قەڵای سەوزو شینت

بۆ بەهار سەیرانگایە دەشتی پان و بەرینت

شایی و سەیران و بەزمە تا بناری سەفینت

یاری و شایی و هەڵپەڕکێ لەم دۆڵ و زورگ و گۆڕە

٢٠١٠\١\٢

# بەهاری هەولێر

هەولێری ڕەنگین قەت نارۆم لەلات
قەت چۆلی ناکەم بەردەمی قەڵات
بژی جوتیار و ئەدیب و مەلات
ئەی پایتەختی ڕەنگینی وولاّت
سەیری تەوسکە دۆڵو دەربەندە
لەهەموو لایەك شاییو گۆڤەندە
خەمی بەڕێکەو لێو بێخە خەندە
بەدوای پارەو پول مەگەڕێ هەندە
ئەڕۆ تەوسکە سەوزو گوڵ پۆشە
ماشەللە دڵم لەم دەشتە خۆشە
شادی لێبکرەو خەمی بفرۆشە
خەلك بۆ ئێرە زۆر بە پەرۆشە
لایێکم پیرمام لایەکم سەفین
بویمە میوانی خۆشی و پێکەنین
مێلن یەك خونچەی لێ بێتە وەرین
بۆخەلکی هەولێر هەزار ئافەرین
تەوسکە ئەوڕۆ زۆر خۆشە هەوات
دڵم ڕێنادا قەت بڕۆم لەلات
تەوسکە ڕوحم بۆت بێبە خەڵات
خەلك بەجلی ڕەنگاو ڕەنگ دەهات

تەوسکتە ئەورۆ ئاسمانت هەورە
دڵ خۆشن لێرە منالو گەورە
سەوزو گوڵ پۆشە ئەو دۆڵو نەورە
یان گۆشتە برژێ یادۆڵمەی چەورە
خۆشحالم لەلات ئەی قەلای پیرم
ساتێك دەرناچی لەزەینو بیرم
گەر نەتپاریزم نەعلەت لەشیرم
هەولێر لێت دوربم ماتو دلگیرم
باران تەڕیکرد بڵندی بەردە باز
گولی حاجیلەو بەییونو نازناز
دەنگ دەداتەوە دەنگی نایەو ساز
ئەو دەشتە یەکجار دڵ خوازە دڵ خواز
سەیرکە سەوزی ئەو دۆڵو شیوە
بەسەوزی گوڵو گیایا خەملیوە
سەیرانچی دۆڵو دەشتیان پۆشیوە
سەر بەردەبازم قەت وانەدیوە
ئەورۆ بەردەباز گوڵ پۆشو ڕەنگین
دڵتەنگان دێختە بزەو پێکەنین
دەشتی پۆشیوە گوڵی سورو شین
سەیری سەیرانچی لەم دۆڵە وەرین
دە پاکی ڕاگرن هەزار ئافەرین
سەیری تەوسکە هاژەو شوڕەی ئاو
بەبۆنی گوڵی دڵ خۆشم تەواو

**شایو گۆڤەندە سازدەکەن پڵاو**
**بۆنی سەدان گوڵ خۆشتر لە پڵاو**
**لەخەلکی هەولێر هەزاران سڵاو**
**سەیری ئەو دەشتە بەیانیە زوو**
**ئەورۆ سەیرکە نێو حاجی وسوو**
**خۆی ساز کردوە بۆ بەهاری نوو**
**لەگەڵ سەیرانچی بوە بەرەو ڕوو**
**حاجیلەو بەیون ڕیشیان تێکەڵ بوو**
**سەیری بێستانە پۆشی گیاو گوڵ**
**سەیرانچی وەرین گرتیان دەشتو دۆڵ**
**شارمان بەجێ هێشت بەرەو دەشتو دۆڵ**
**دونیایان پڕکرد زرەی بازنەی قۆڵ**

# پەیامی نەورۆز

نەورۆز پەیانی نزیك و دورە
نیشانەی نەورۆز گولآلەی سورە
نەورۆز زەنگێکە لە بۆ زۆرداران
زەنگی ترسناك بۆ ستەم کاران
نەورۆز کەتۆ دێی من تەباو کۆکم
خەم بەرناداتن یەخەو بەرۆکم
لەچوار لا بۆمان دەگێڕن پیلان
نایەلن بکەین شە هیانو دیلان
ئاگر گڕەدەم لەکێوی هەلگورد
بە دوونیا ئەدەم من پەیامی کورد
گڕم خستۆتە ناوەڕاست ئالآم
ئالآم داچەقاند زۆربەرزە بالآم

## هەولێر

لە پەیژەی قەلای هەولێردا
دابەزیم بۆناو قەیسەری
دێر زەمانە قەلاو قەیسەری ئەم شارە
لەگەڵ یەکا دەس لەملانن
لەمێژووی دێرینو کۆنا
شوێنیان بۆ دیاریکراوە
کە خەیالی دڵ هەڵفرێ لە نیو قەیسەری
ئەم شارە ئارامەگرێ
لە نێو پەنیر فرۆشانە
بۆنی کوێستانان وەرەگرێ
کۆلانی توتن فرۆشان لە ئەلبومی
نێو دڵمدا هەلگرتووە
لەق لەقەکەی سەر منارەم
لەنێو کۆگای دڵی مندا جێی گرتووە
گەر دەتەوێ دیمەنی کۆنی ئەم شارە سەیربکەی
وەرە ئەلبوومی نێو دڵی من هەڵدەوە
چونکە من لەنێو باوەشی شێخەللە
ها تمە گڕوگاڵ
لەسەر گردی قالیچ ئاغا
یادگاری منالێم زۆرە
ئەزانم منارەی چۆلی چەن پەیژەو

چەن پلیکانە
گەڕەکی تەحجیلی هەولێر
کە چەن کوچەو چەن کۆڵانە
چایەی چایخانەکەی مەچکۆم
چایخانەی کۆنی ئەم شارەم
هەر لە زەینو لە خەیالە
خانەقای گەڕەکی کۆنم
وێنەیەکی هەڵبگرمو بیدەم لە قەسری عەتەولاّ
خەیالم بەسەر هەولێرا هەلفڕیوە
لە گۆڕی سولتان مزەفەر
هەڵەنیشێو پشو ئەدا
هەر لە وێوە بۆ سەر قاوچاغی چایخانەی
بایزی کۆن ئۆقرە ئەگرێ
ئارام ئەگرێ
ئارام ئەگرێ

# پۆلیسی هاتوچۆ

تۆ ئەبینم لەبرتینی هەتاوە
لەزستانا لەبەر ساردو سەرماوە
کە ئەی بینم چوست وەستاوە بە پاوە
زۆر هیلاکە دایم بالّی بلاّوە
کاکی شوفێر بەگوێ ی بکەی مەسروری
لەکارەساتی جەرگ بڕ بەدوری
هەر بەڕاستی بژی ئەو تواناو هێزە
مرور کاری یەکجار بەرزو بەڕێزە
بە ڕاستی زۆر خزمەتێکی پیرۆزە
بۆ شارەکەی بەرپرسێکی دلسۆزە
سەیرکەشار بەتۆ ڕەنگینو جوانە
سەد جار بژی بۆ ئەونە خشەو پلانە
کێ وەکو تۆ هیلاکە ئەلەم شارە
شار بەبێ تۆئەوەستێو گرفتارە
چۆن ئەتۆ ژینی ئەم خەلکەت لەمشتە
پولو پارە تۆ ناباتن لە خشتە
بۆشارەکەت ماندوی چەن بەختیاری
باهەر کەسێ دلسۆز بێتن لەکاری
چەن جوان دەبێ ولاّتو دەشتو شاری
هەزار نەفرەت لەساختەو ساختە کاری
بەدەستتو جارجار فیکەش بەزاری
بەڕاستی تۆ گولّی گولّزاری شاری

# پێشمەرگەم

من پێشمەرگەی ئەو دەڤەرەم
بست بەبستی شارەزامە
چەند تاریکە شەوی ئێرەم
بەگولەی گڕداری چەکم
لەخەو دا ڕاچڵە کاندوە
وێنەی لامە
شاخو تاشە بەردێك نیە
لەژێری پشوم نەدابێ
کەندو جۆمی کەندێناوە گەر بێتە گۆ
ئەبێ چەندان شەڕی پێشمەرگەیا ن لابێ
شایەتی سەدان داستانی شێرە کوڕانی ئێرەیە
خوێنی شەهیدانی ئێرە
ڕوبارێکی زۆر بەخوڕە
ئیستاش ڕوحیان والێرەیە
زرمەی ئاڕبیجی ئێمەبوو
خەوی لەدوشمن تاڵە کرد
کەتوانی کوردی زاڵەکرد
دەیان جار دەرکی بازاڕگەی
شەهید هەینیمان بەستوە
بەدەیان جار مەنزەنیقمان
بۆداگیر کەر داخستوە
بەسەدان جار بەڕەوەزی

قەرەچوغا هەڵگەڕاوین
لەبەرزی بێژینگ بەسەرا
ڕوله دەشتی پانی قەراج ڕاوەستاوین
گوند بەگوندی ئەوقەراجە
وەکو ماڵو لانەی مەبوو
کۆگاو جبە خانەی مەبوو
بۆداستانی بێوێنەمان
جوتاری دێکان شاهیدن
لەسەدان شەوی بەباران
لەو قەراجە لەسەرمانا هەرلەرزیوین
ئێمە شارەزای هەزاران دۆڵو شیوین
بۆچرکە ساتێك نەمان هێشت
دوشمن لێرە ئاسودەبێ
لەناو لاتی خەتی جۆتا
شەڕی تانکو کۆپتەرمان کرد
شۆڕشو گڕمان بەرپا کرد
جەیشێکی پڕ چەکو تفاق
لەژێر نەعرەتەی پێشمەرگە هەرە لەرزی
پێشمەرگەش بەورەی بەرزی
دەیان شەڕی دەستەو یەخە
لە پانتای ئەم قەراجەدا کراوە
پێشمەرگە بەچەکێکی سوك
بەلاّم دڵێکی پڕ بڕواوە
هەربەڕۆژی نیوەڕۆیە مۆڵگەی بەعسیان گرەدا

ژیانی خۆیان لەبۆ کوردستان فڕەدا
خەڵکی کەندێناوەو قەراج
بەجوتیارو مەڕدارەوە
بەگەداو کرێکارەوە
لەم شۆڕشە دا زۆر ماندون
ماڵە کانیان میوا نخانەی پێشمەرگەبوو
خوشکو دایکانی ئێرەبوو
سەرمایان لەشێرن خەوا
شەوی ساردی باوو باران
خەویان لەخۆ حەرامەکرد
نانیان بۆمان عازرە کرد
جلو بەرگیان بۆ دەشوشتین
بەشۆڕشیان دا گڕو تین
بەڕاستی من هەتا دەمرم
سەرلەئاستی ماندوبونیان دادەنوێنم
ماڵی ئەوان ببوە میوان خانەو شوێنم
ئەشکەوت ئەشکەوتی قەرەچوغ
لانەی قا یمی ئێمەبوون
ئێستاکە ئەگەر بێنە گۆ
لەو نوسینەم هاوڕامەبوون
شایەدی ئەو ڕۆژە ئەدەن
دا یمەن ئەودەڨەرەی من
بۆدوژمنان وەك کورەبوو
ڕۆژ ڕۆژ ڕقمان ئەستورەبوو

بەسەدان كوڕی كەلە مێرد
بەخوێنی سوری پڕ گڕیان
بەردیان سورکرد
شاخیان سور کرد
سەرجۆخینی گوندیان سورکرد
سەردیواری قوڕیان سور کرد
ڕێگاو جادەو بانیان سورکرد
قۆپەنی جۆو گە نمیان سور کرد
کەندو جۆمو دۆلیان سور کرد
خوێنیان بۆ ئەو ناوچەیە ڕشت
ئێستا کەئەگەر بانگیان کەم
زۆر بەنەرمی بیان دوێنم
هەریەکە سەدان چیرۆکو
داستانی شەڕ ئەگێڕتەوە
زۆرن دەنا ناویان دێنم
چەندی باسی پێشمەرگە ی
ئەو دوو دەشتەکەم
بیر ئەوەستێ
قەڵەم لەنوسین ئەوەستێ
ماندوبونیان بۆ ئەوڕۆ کرد
دیاری ڕوحیان بۆ ئەوڕۆ برد

# دوا دوای تەمەن

شانسو بەختم کەوتۆ تەبەر
تەوژمی تیژی ڕەشەبا
ئاخۆ ڕەشەبای دڵ ڕەقیش
چارەنووسم بۆ کوێ ئەبا
ئاخۆ بەسەر کام دڕك و داڵ و
جەنگەڵی پڕکێش ئەکا
زەمەنێکە خەندە لە من زویر بووە
ئاخم بۆتە کۆگا بۆ خەم
خۆش بەختیم لێ دڵگیر بوە
زەمەنێکە دەرگای دڵم بەڕوی
خەندە داخراوە
زەمەنێکە لە خەویشا
بزەم لەلێو دابڕاوە
بزە نایەتە سەر لێوم
زەمەنێکە هەر هەنگاوێك
بۆمن شومو بەتبەختیە
لەجێ خۆشی قوڕە پێوم
زەمەنێکە خۆشبەختی ژین
کەدێ درەنگەو ناوەختیە
منی ماندوو داڵدە نادا
زەمەنێکە ئازارو ئێش
جەستەی بێ هێزم بەرنادا
زەمەنێکە لەهەر کۆڕێ

کەس گوێ بۆ وتەم شل ناکا
ڕەشو سپیم لێ دەگۆڕێ
ڕەشبینی باڵی کێشاوە
بەسەر هەموو بیرۆکەکان
کەس بۆمن دەردە دڵ ناکا
داڵغەو خەم باڵی کێشاوە
بەسەر تەل تەلی نۆتەکان
بەسەر بەزمی ئێوارانم
نا ئومێدی وەکو گڕێ
ئەسووتێنێ
ئەلبوومی یادگاریەکانم
پەڕاوی ژیتم ئەدڕێ
خەرمانی یادگاریەکانم
جۆخینی گوڵی ژیانم
نەمدەزانی ڕۆژێ دادێ
دەگەم بە کۆتای خەندەو
لەگەڵ گریان دەست لەملانم
نەمدەزانی ڕۆژێ دادێ هیواکانم
کۆتایان دێ
تواناکانم کۆتایان دێ
بیرۆکەکان کۆتایان دێ
پە نجەو نوسین کۆتایان دێ
هۆنراوەکان کۆتایان دێ
تیژی چاوم کۆتایان دێ

## سەرم دادەخەم هەولێر

کـــەباست دەکـــەن هـــەولێر گـــەورەی ســـەرم دادەخـــەم
دڵ خـــۆشم لـــەبەهارت فـــەرشی ســـەیران ڕادەخـــەم
هـــۆنراوەت بـــۆ دادەنـــێم تاکـــو دڵـــم دادەخـــەم
شـــاری جـــوان و دڵگیـــرم نێـــوت چـــۆن بـــەلا دەخـــەم
کـــەباسی هـــەولێر دەکـــەم قـــەڵاتم لـــەبەر چـــاوە
لـەقـــوڵایی دڵـــی مـــن هـــەولێر خـــۆشترین نـــاوە
یـادگـــاریم لێـــرە زۆرە زامـــی کـــۆنم کـــولاوە
ئـــاڵای بـــەرزی کـــوردستان لەســـەر قـــەڵات شـەکـــاوە

# شەهید

ئەی شەهیدە سەربەرزەکەی پێدەشتەکەم
دەهەڵسەوە بەچاوی خۆت
ئالأی کوردستان ببینە
کەلەترۆپکی قەرەچوغ
وادەشەکێ
دەهە ڵسەوە
ئەو دارەی بە خوێن ئاوت دا هاتۆتە بەر
دەهەلسە ئەو بیرۆکانەی
کەلەدڵە ماندوەکەتابون
بۆڕازاوەکردنی قەراج
بۆجوتیارانی خێر نەدیو
دای بڕێژەبەرنامەکەت
دەهەڵسە ئەی بازی تیژڕۆ
لەسەرتلیشە بەردێکی
سەر ترۆپکی قەرەچوغا
هەڵبنیشە
بەم دەشتە پانەی قەراجا تێر بڕوانە
پاش پشوێ دیسان هەڵسە
بەسەر تەپۆڵك و ڕەوەزا
باڵت لێکدە
لەسەر هەربەرزایو قوتکێ
دڵت پێی خۆش بو هەڵنیشە
ئەی بازە بەرزە فڕەکەم

* ئەی هەڵویە بریندارەکەم
کوێرایم دایێ نەگەیشتم
تازامەکەت بۆ تیمارکەم
ئەی شەهیدە بالأبەرزە دڵ تەڕەکەم
لەوقانە ئەرزەی کەخوێنی
گەشی تۆی تێدا ڕژاوە
لەجێی هەردڵۆپە خوێنێك
بنێ گاگرۆ ڕواوە
چەندە پێت خۆش بوگۆڕەکەت
لەسەرگردی کەسارەبێ
تا لەبەرزایی بڕانی و
تی چاوت لەو بنارەبێ
لەئاست دڵسۆزی و ئازایت
شاعیر زمانی لارەبێ
هەرناوانو قوچەکە بەردێك بێتە گۆ
تۆ ئەناسێ
هەرجوتیارێکی هیلاکی دەست بەشەقار
لێی بپرسی
تۆی بینیوەو باش ئەتناسێ *
لەهەر مەڕدارێ بپرسی
تۆی زۆر دیوە لەهەواران
تۆ نیشانەی بەرخۆ دان
بۆی لەرۆژانی بەفرۆ باران
ئەی پێشمەرگە دڵ تەڕەکەم
دەهەڵسەوە
لەم دەشتەجوانەی قەراجا
بەچاوی پڕخۆشەویستیت

تێربڕوانە
ئەوقەراجەی کە بەخوێنی تۆ پاراوە
حەزم دەکرد هەڵسابای و بدی بایە
کەئەم دەڤەرە ئازادە
جوتیار زەوی خۆی دەکێڵو
مەڕداریش چوینە هەواران
کەهەڵناسی دەپاڵکەوە
لەباوەشی دەشتە جوانەکەی قەراجت
ئەوقوراجەی خوێنت بۆسەربەرزی ئەو ڕشت
خوێنی سورو گەشی ئێوە
داگیرکەرانی تۆقاندو
ئازادی ئەوڕۆی داهێنا
دەهەڵفڕەبەسەر هۆبەوهۆبە ڕەشماڵی
لەبناری قەرەچوغا هەڵیانداوە
دەهەڵسەوە ئەی شەهیدی باڵ بە خوێنم
حەزم دەکرد وەك هەڵۆیەك
لەقولای ئاسمانەوە
سەیری ئائەو گوندەت کردبا
کەتیایدا چاوت هەڵێنا
لەسەرگێسوانەی ماڵێکی ئەم گوندەی خۆت
بۆساتەوەختێك بنیشتبای
لە ماڵ بەماڵ ئەم گوندەت
بڕوانیبا
تا ئارام بای و هەواڵی
ئەم دەڤەرەت بزانیبا

# نـــابينا

بــەو ئـــازادیە یەکـــجار دڵ خۆشـــــین
بــێ وچـــان ئێمــە هــەر تێدەکۆشـــین
بۆکـــــــوردستا نمان دڵ پـــڕ لەجۆشــین
چــونکە بەهــەوای سازگـــاری گـــۆشین
نەڵــێن نـابینـان ئێمــەش لەکــــــارین
بەســـــەربەرزی کـــورد زۆر بـــەختیارین
ئــێمەش چینێکـــین زۆر لـــە ئـــازارین
خەسارەت مەندی یاســـــای ڕۆژگـــارین
لــەتێکــۆشـــانین مـــەدەن ئازارمـــان
کــەمێك هاوکــارین لــەئیش و کارمــان
ئێمەش خەمخۆرین بۆ گونــدو شـــارمان
توخوا سیس مەکەن گــوڵی بەهارمـــان
نەڵێــن نـابینــان ئێمــەش دوربینـــــین
بــەزومی خەیـــاڵ دونیـــا دەبینـــــین
ئێمەش ڕێبواری نێــو ڕێــچکــەی ژیــنین
هاوەڵ و دۆســـتی خەنــدە و ئــەوینین
لەبیرمـــان نەکــەن کــــەوا نابینـــاین
بۆئــەم وولاتـــە وەك مـــۆم و چرایـــــن
لەخۆشیو خەمــدا هــەموو مــان بــڕاین
ئێمەش بــۆ وولات زۆر ئەزیــەت درایــن

لەگــەڵمان بــدوێن زۆر نــەرم و نیـــان
بەئێمەش بــدەن خــۆش بــەختی ژیــان
تــاهەموو پێکڕا دورســت کــەین کیــان
خزمەت ئەنوێنـــین نابـــین بەزیـــان

# قەڵای هەولێر

خۆشە سەیرانگای دەورت
بەرزایی و قوتك و نەورت
ئاسمانی سەر بە هەورت
لە مێژوو دیارە دەورت
خۆشە شەوانی شارم
چوار پارکی پڕ لە دارم
خاوەن مێژوو و ئاسارم
لە باوەشتا بەختیارم
بەڵێن بۆ هەولێر بەڵێن
ناعەزان هەرچی دەڵێن
ساز دەکەن دەزو کەلێن
منم بۆت بەختەکەم خوێن
سەیرکە وا بەهار هات
سەوزی پۆشیوە قەڵات
موژدەی دا هەموو وڵات
بەراستی بەرزە باڵات
لەق لەق هاتە لانەکەی
سەرمنارە جوانکەی
هاتەوە جێژ وا نەکەی
کەوتە وتەو دوانەکەی
خۆشحاڵی کرد خوانەکەی

قەیسەری دەرگا والاّت
بازاری پڕ لە کالاّت
منارەی بەرزە بالاّت
پڕشیرمەنی مالاّت
لەقەلاّ بڕوانە ژوور
نافورەیە گوڵی سور
دڵ دەکا شادو مەسرور
قەیسەری ئارامەکا
ساریٚژی سەت زامەکا
فیٚری بەرخۆدا نمەکا
هەولیٚر شادو جوا نمەکا

١١\٦\٢٠١١

# کوردستان

**کوردستانی من خۆشە هەم بەهار هەم نەورۆزی**
**خزمەتی وولاَت بکە گەر بۆ وولاَت دلَسۆزی**
**چۆن خاکت پشت گوێ دەخەی چەن بێبەزەیو سۆزی**
**ئالاَی کوردستان شنەی با دەی هەژێنی سەیری**
**ئالاَی کوردستانی من هێزنیە دای چەمێنی**
**ئەو ئاواتو هیوایەی کە خەونمان پێ دەبینی**
**نەیەلَن خەلَکی ناپاک بناغەی بلەر زێنی**
**چۆن تاگەی یە ئەو ڕۆژە بەیەك دەریاچە خوێنی**
**کێلی گۆڕی شەهیدان تاحوکمی چاو دەبینی**
**جابا گولَی هیوامان لە ماردین سەر دەرینی**

# کێ بەقەد من خۆشتی دەوێ

کێ هەیە بەقەد ئەو دڵەم کەخۆشی بوێ ئەم شارە
پایتەختی کوردستانی من هەولێری قەڵاو منارە
بەهەرچواردەوری گوڵزارو تاڤگەو هاوینە هەوارە
وەرە بەهاران ببینە لەدڵۆپەو لەهەنارە
بڕوانە دوڵی تەوسکەو سەیرانی ئەو شێرە سوارە
بنار هەرکێوێ دەبیینی هۆبەیەو چیغو ڕەشمارە
لەهاوینانا ببینە لرفەی ئاوی ئەو بێخارە
سەیرانچی شەقڵاوە دەگرن تادرەنگو دەمەو ئێوارە
زۆر جێ گەڕام نەمدی شوێنێ خۆشبێ بە قەدەر هەولێرم
دەبێ بۆزیاتر ئاشنا بون لە مێژوی کۆن گوێ ڕادێرم
ئەی هەولێرە ڕەنگینەکەم هەم کوێستان هەم گەرمەسێرم
بۆ موژدەی خۆش بۆگەلەکەم کۆتری بەرقەلا دەنێرم

# لەق لەقەکەی هەولێرم

نازانم بۆ لەق لەقەکەم نەهات بۆ بەرزی منارە
لانەی بەرزو دێرینی تۆ دەڕوانی بەهەموو شارە
توخوا لەق لەق دەوەرەوە بەسەرکەوە ئەو هەوارە
کە ئە تخوێند لەبەرزی بەرزا گوێبیست ئەبوین جار نا جارە
چەن سالە نایەیتە هەولێر لانەکەت چۆلْ و بەتالە
ئاشنایەتی ئێمە بۆتۆ مێژوی کۆنی دەیان سالە
هەرچی خەلْکی ئەم شارە بیْ بەنەهاتنەوەت خەمبارە
سەرێك لە هەولێر بدەوە توخوا لەق لەق بەس ئەو جارە
بەرمنارە و لانەکەی تۆ نافورە و گولْ وگولْزارە
چاوی ئەو تفەنگە کوێربیْ چۆن لەق لەقی من زامدارە
خەلْکی هەولێر کەسەیرەکەن دلیان زۆربۆی بە ئازارە
وەرە لانەکەت نۆژەنکە ڕێکخە ئەم چیلکەدارە
بکوژی پیرە لەق لەقم تادەمریْ هەر شەرمەزارە
وەرە سوڕلێدە لە هەولێر بگەریْ بەچوار کەنارە
ئێمەش لە پێشوازیت دەبین لە سەربانی مالْ بەمالە
لانەیەکت بۆ سازدەکەین لەسەر بلْنترین تەلارە

٢٠١٠\١١\١٠

# لەهەر کوێیم

لەهەرکوێ ی ئەم دونیایە بم تی چاوم هەر لەم شارەیە
تی چاوم لەقەڵای قیت و لەشێخەڵلا و ئەو منارەیە
چاوێکم لەسەر تەوسکەو لەسەیرانگای هەنارەیە
هەولێری هۆلاکۆ بەزێن دووریم خەمی ئەو جارەیە
ئەشقی بازاڕی قەیسەری و نافورەکەی کۆتری سەلام
شەیدای دەلاڵ خانەی کۆن و جمەی بازاڕی شێخەڵلام
خۆشحالم کەمن خاوەنی کۆنتیرین منارەو قەڵام
شێخی چۆلی و قالینچاغا یەکجار خۆشەویستن لەلام
ئەی هەولێرە ڕەنگینەکەم منت خستە خۆشبەختی ژین
کاتێ لەسەر قەڵای بەرزت ئەڕوا نمە بەرزای سەفین
یاخوا بۆچرکە ساتێکیش شارەکەم نەتبینم خەمگین
ببینم کیژو کوڕانت لەسەیران دەم بە پێکەنین

# من شـەهیدم

لـەســـــەر میللـــەتیان ســـــە پان زەبـــرو زەنـــگ
بۆیـــــە چـــوینە شـــاخ دەســـتمان دا تفـــەنگ
ڕێ ی ئـــــاشتی نەمـــا ناچـــاربوین بـــۆ جـــەنگ
میلـــەت ژێـــر چـە پـــۆك دامـــاو و دڵ تـــەنگ
لەدەســـــت دوشمـــن بـــوو ووڵاتـــی قـەشـــەنگ
ووڵاتـــی نـــەوت و میـــوەو شـــانەی هـــەنگ
خـــــوێنم لـــــە پێناو ئـــەو ووڵاتـــە ڕشـــت
چـــــەکم دانەنـــا لـــــەناو کــــۆڵ و مــــشت
بـــــەڕۆژو بـەشــــــەو خــــــەریتەم لـە پـــشت
هەرچــــی خــــائین بــا دەســـت بـــەجێ دەمکـــوشت

# موژدەی داقەڵات

تەڕ بوو قەڵاکەت هەولێر وابارى
تۆ موژدەی سەوزی ئەکەیتە دیاری
لە قەد قەڵاکەت گیا سەر دەرەکا
خەڵکی بۆ سەیروگەشت خەبەرەکا
گشت هاوارەکەین باران بە خێرێ
زوو زوو سەردە و تەڕکە هەولێرێ
باران خۆش حالین بە دابارینت
خۆناگرین بەرگەی تورەیی و قینت
تەڕ بوو دڵۆپەو دەشتی هەنارە
موژدەی دا قەڵات موژدە بەهارە

٢٠١٠\١٠\٢٦

# نەورۆزلەهەولێر

لەقەڵای هەولێرگڕی سور هەڵسا
لەهەر چوار دەوری بەرزە بڵێسا
ئاگر لەبەرزی سەفین داگیرسا
شادو دڵ خۆش بن جەژن کەن دەسا
کاوە بۆ زوحاك نەهاتە سەر چۆك
بەرامبەر تەختی زوحاکی لەرزۆك
نەی هێشت میلەتی دیلبێو ژێر چەپۆك
نەی هێشت بەوگەلە بڵێن ترسنۆك
نەورۆز سبەینێ گۆڤەندو کۆڕە
تۆش دەشتو دەرم بەگوڵ بگۆرە
لەنەورۆز دەرچوین لەداو تۆڕە
نەبوی بەجەژن نەورۆز لەخۆڕە

# نەورۆز

نـــــەورۆز بلێـــــــەت ڕوو لــــە هەڵــــچونە
مەبەســــت و خواســــتی زۆر دیـــــارو ڕونـــــە
هیـــــوای گـــەلیکــــی دیـــــل و زەبــــونە
ســــەدان کــوڕگەلــــی بــــێ ســــەرو شـــونە
ڕۆشـــــنت کــــردوە چیـــــاو دەشــــت و دۆڵ
هیـــوای گــــەلێکت هـــەڵگرتووە بــــە کـــۆڵ
بەرامبـــــەر گـــــڕت شکــــا ســـــەرماو ســـۆڵ
ئاهـــــەنگی کـــــوردە دەبکــــوتن دەهـــــۆڵ
نــــەورۆز تـــــۆ هێمــــای ئاشـــتی و تـــــەبایی
مـــــوژدە هێنـــــەری جوانـــــی و سەوزایـــــی
تیــــشکی گـــــڕی تــــــۆ ڕونەکـــــا وولآت
کوردوســــــتان نـــــەورۆز بــــــەرزەکا بـــــالآت
نـــــەورۆزم گــــــڕدا لەســــــەر کـەلێکـــــا
گـــــــڕوو مەشخەڵــــــی هیـــــوای گەلێکـــــا
بلێــــــەو گـــــــڕت چـــــاو لـــــە هەلێکـــــا
نــــــەورۆز مـــــژدەت دا بەگوڵـــــی نیـــــسان
تــــــۆ گوڵـــــت هێنـــــا بــــــۆ وولآت دیـــــسان
نـــــەورۆز چـــــوار پارچــــــەی ولآت یەکـــــەخا
یـــــەك پارچــــە بوونـــــی کـــــوردان دەرەخـــــا
مــــــایەی یـــــەك ڕیـــــزی بـــــۆ کــــــوردەواری
هێمـــــــــای هاتنـــــــــی وەرزی بەهــــــــاری

**تیشکت هێما بوو بۆ نزیك و دوور**
**فەرشی گیات هێنا لەگەڵ گوڵی سوور**
**لەهەر کوێی دنیا گەر هەبێ کوردێ**
**بۆ هاوهەڵوێستی تۆ بوی بە پردێ**
**لەهەر چوار پارچە نەورۆزو گڕە**
**وەکو مەشخەڵی بابەگوڕگوڕە**
**نەترسنۆکم وەنە لەرزۆکم**
**گەلێکی ژێرم بەس ژێر چەپۆکم**

# چی بنوسم

بۆت بێنم گوڵە نیسانێ کەهێمای بەهار دەرەخا
کەبەهار فەرشی ڕادەخا و گەلێکی مەزلوم سەرەخا
مێلاقەو نێرگزو هەلاڵ ڕەنگی ئالای من هەڵەخا
بۆیەمن نەورۆزم نوسی کەهیوای گەلێك دەرەخا
یان لەسەر پەڕەی پەمەیی تولاو تولی لاولاوەدا
چی بنوسم گەورە تربێت لە جێگای ناوی کاوەدا
لەسەر پەڕەی سورە گوڵی گاگرۆیەك چی بنوسم
ساتە وەختێکە ئازادین هەم خۆموو پیرە پێنوسم
بالەسەر پەڕی ئەو گوڵە دیاربێتن وشەو ڕێنوسم
هەتاکو دوێنێ من دیل بوم لەدەس دوشمن بوو ناموسم
جاچۆن ئەورۆ ئەمن ناوی نەورۆزو کاوە نانوسم
چی بنوسم لەسەر گوفکی چونچەی سوری دار هەنارا
چەندین لاوی کەڵە مێردم لەم خاکە دران لەدارا
بەخوێنی ئەوان سوربووە گوڵی سوری ئەو بەهارە
ئەبێ شوکرانە بژێربێ خەڵکی سەربەرزی ئەو شارە
چی بنوسم لەسەر پەلکی چەندین پیرە دار بەڕوە
هەزاران ساڵ لەکوردستان ڕەگی لەم خاکە ڕو چوە
لەگەڵ نەورۆزهەڵسە سەرپێ دامەنیشە مەڵێ زووە
ڕۆژی بوژانەوەی خاکو تەنکەلۆژیای تازەو نووە
چی بنوسم لەسەر پەلکی بالای بەرزی دار چنارا
لەوولاتی ئاڵو والای هەکات سەوزی وەك بەهارا

هەولێری مەرگی هۆلاکۆو ئەو منارە بەرزو لارە
سەیری سەیرانچی ئەوڕۆکە وەرین بەچوار دەوری شارا
یاخوا هەولێری سەبەرزم بتبینم هەر لەبەهارا
خودا ئەو شارە دوور بگریٚ لەچاوی پیسی بەتکارا
چی بنوسم لەکویستانیٚ لەسەر پەڕەی پەلکی مێوە
کەتولەی باریك ڕێدەکا لەناو بەفری ساردی کێوا
هەولێری قەلاّی دیرینم خاوەن کالّە بەهێو سێوە
چی بنوسم لەسەر پەڕی بێگەردی گولّە نێرگزە
یاخوا هەولێرم بتبینم ڕووبەخەندە و لێو بەبزە
چی بنوسم ئازیزەکەم لە پەڕەی گولّی شلێرا
لە پەڕەی بنوسم نەورۆز بیدەم لەیەخەی هەولێرا
چەند داگیر کەری دڕ هاتن بەس بەخەلّکی تۆ نەوێرا
هەموو کات لەسەنگەرابوون چاوی تیژتان لەسەر سێرە
بیرتان بێنمەوە لەکۆڕی نەڕەی ئەوان کورە شێرە
چی بنوسم باوانەکەم من لە پەڕی زەرد هەلاّ لاّ
کەئەروێن لەقەرەچوغ لەبەرزاییو لەقەد پالاّ
یان باسی تاڤگەی جوانت کەم لەشەلالو لەبێخالاّ
چی بنوس ئەوجارەیان لەشالّی شاجوان لەیلایە
تابەدیاری من بیهێنم بیدەم لەدەرکی قەلاّیە
من بیدەم ئەلەوەدەرگایەی ڕووی لەباخی شار والاّیە
قەلاّتی دێرینی شارم بژی ئەو بەژنو بالاّیە

# هەم کێستانو هەم گەرمیان

هەولێردەشت وسەوزایت لەهەموو شوێن جیاوازە
کواگەنم وجۆت وەك شوێنان وانابو تو لاوازە
هەم کوێستان وهەم گەرمیان ئاووهەواکەت شازە
خاکەکەت نیوەی گۆڕەو نیوەی بەرزی وهەورازە
بەلێنم دا بڕێژم خوێن لە پێناوت تازە
ها بەهاران ببینە سەیران بەدەورت سازا
دەوری شاریان تەنبوە تادەگاتە دەروازە
هەولێر بەهارت خۆشە جوانیەکەی بێ ئەندازە
هالە بەرزی بڕوانە ئاوازی قورینگ و قازە
لەگەڵ هاژەی چەمو ئاو ماشەڵالەوئاوازە
پێم وەسف ناکرێ جوانی هەولێرکە شازی شازە
هۆلاکۆ هات بتگرێ شکاو هەڵات نەسازا
ئەو قەڵایە سەر بەرزەو ئەو منارە بێ نازە
پشتی قایم گرتوی سەفین بەبەفری تازە
شارو کۆڵان و شەقام هەتا بڵێ ی دڵ خوازە
سەیران چی وابڵاو بون بەدڵۆپەو بەردەبازە

# هەولێرەکەم

چـەن بچـیە قـولآیـی مێـــژوو جێگـای شـــانازی هــەولێرم
شـاری جـۆو گەنـم و میـــوەم شـــاری پـــڕلەخێـــرو بێـــرم
سەیری سەیرانگای چواردەورت گـوندو بێـری و بەردەبێـــرم
سەیری ڕەشمالٚ و چیغـانکەو قۆچ قۆچێنـی بەرخـەنێـــرم
لەسـایەی خواوخـاکـی تۆیە برسـی نیم وهـەردەم تێـــرم
هەم خـاوەنی زەوی ڕاستم هەم خـاوەن بەرزی و هەڵدێـــرم
هەم خـاوەنی مزگەوت ومەلام هەم خاوەن کەنیـسەو دێـــرم
هەم خـاوەن کێوو کوێستـانم هەمیش خـاوەن گەرمەسێـــرم

# وارێ منه

وارێ منه وارێ منه کوردستان خۆ وارێ منه
هەولێری سەربەرزو ڕەنگین خۆ جوانترین شارێ منه
وشەی کوردستان هەموسات خۆ ویردی سەرزارێ منه
جوانی و ڕەنگینی سەیرانگات لە بیرو ئەفکارێ منه
باشترین شانازی مێژوو بۆ گەورەو سەردارێ منه
گەلێکم جەژنی نەورۆزیش جەژن و سەری سالێ منه
سەیری شۆرشەکانی مێژوو پڕ لە ئەسپ سوارێ منه
داکۆکی کردن لەم خاکە یەکەم خواست و کارێ منه
سەربەخۆ نەبوونت وولأت برینی زۆر دژوارێ منه
مەزلۆمترین گەلی دنیا گەلی پڕ ئازارێ منه
جوانتریت ئیشقی ڕووی دنیا مەلی ئەویندارێ منه
گوێت لە ورشەورشیدارە یان خورەی ڕووبارێ منه
غەرێ کوێستانان دەبینی جێی جیغو ڕەشمارێ منه
خۆشترین ئاواز دەربڕین خۆدەنگی شمشارێ منه
پێت بڵێم جوانترین بەرگیش خۆ چۆغەو شەروارێ منه
منارەو قەلأی هەولێریش ئەو ڕەمزو ئاسارێ منه
گوێت بۆ هەڵە بجە هەڵبخە خۆ ناڵەی بریندارێ منه

# شیعری
# منداڵان

# ئالاکەی من

ئالاکەی من چوار ڕەنگە
دەشەکێ چەند قەشەنگە
چەن بەو ئالایە شادم
کەدیل نیم و ئازادم
لەبەرزی ئەی چەقێنم
سەری بۆ دائەنوێنم
ئالاّ دڵم خۆشەکا
وولآت بالاّ پۆشەکا
لە خوێندن دێنمە پاڵم
یان لەسەر میزی ماڵم
دای ئەنێمە بەردەمم
بە بونت زۆر بێ خەمم
دڵێم من بێ ئالا نیم
نافرۆشێم و کالاّ نیم
کاتێ ئەشەکێ ئالام
زۆر بەرزە بینم بالاّم
ئەی چەقێنم لە هەلگورد
دەلێم ئەمەش ئالاّی کورد

# پارك

کاتێ دەچیە پارکی شار
بۆ نیۆفریز و گوڵ زار
چرۆی داران مەشکێنە
خونچەی گول مەقرتێنە
ڕای بگرە بەخاوێنی
دەووڵەت بۆ تۆی دەچینی
فڕێ مەدە پاش ماوە
پیسی مەکە ئەوناوە
چەندجوان وچەند ڕەنگینە
ئا ئەو دە ریا چە شینە
چەند ڕازاوەو نەخشینە
گولان هەڵ مەوەرینە
خش خشۆکەو جۆلانە
چەند دیمەنێکی جوانە
تایبەت بە مندلانە
دە تۆش قەدری بزانە
دێین لەکاتی پشوە
پارکێکی تازەو نووە
ئەم پارکە نە شێوێنین
دوای گەڕان و ماندوبون
ئەوکورسی و مێزە بۆتون

لەسەرین هەڵە پەڕە
کاریێ خرا پو بەد فەڕە
لەکاتی پڕژەی ئاوە
ئاو بەرزە بۆ هەواوە
فێنکی کردوە ئەم ناوە
خەڵکی لەدیار وەستاوە
بۆخۆشی تۆ سازاوە
تۆ تێی مە خە پاشماوە
کۆتایی ئەم ووتانەم
دۆستی ئەم پارکە جوانەم
باوەك باخی مالی خۆم
چاو دێری بکەم بۆ خۆم

## بەبیلە

بەبی لە خان بەبی لە
دەخواو دەمژێ مەمیلە
یەك جار پێی بەختیارم
لائەباتن ئازارم
کاتێ ئەزریقێتەوە
خەمم بیر ئەچێتەوە
گوڵی بۆن خۆشی ماڵە
ژینی بێ مناڵ تاڵە
ناگریێ برسی نەبێ
ناگری ئازاری نەبێ
لەلانك دا ئەخەوێ
کەم بێزار ئەبێ لەوێ
ناسکۆڵەو دەم بچکۆڵە
حەزی لە باوش وکۆڵە
هەرچەندە ئەرکی گرانە
بەلام لە بەردلانە
کە ئەخەوێ خەمبارم
بێدەنگ دەکانێو ماڵم
بەو ئاوەدان دەبێ ماڵ
کاتێ دەکا گڕوگاڵ
ماڵی بێ مناڵ چۆڵە
ئەبێ خەم دەی بەکۆڵە

# بەفر

بەفر دیسان وا دەباری
ونبو چیلەو پەلکی داری
کۆڵاَن وماڵی دا پۆشی
مناڵاَن واکەوتنە خۆشی
وا کەوتنە یاری مناڵاَن
بۆ تۆپەڵ دەرچون لەماڵاَن
کاتی شەڕە بەفرینەیە
بەس دوور لەڕق وکینەیە
ئەوا داپپۆشی دارو بەرد
لەو جوانیە سپی بێگەرد
بابوکە بەفرە دروست کەین
با جلی واڵاَی لەبەرکەین
بۆیەکتر باوێین تۆپەڵە
بالە دەست نەدەین ئەو هەڵە
تۆپەڵ تە نها بۆ یاری بێ
نەوەك هاوڕێت ئازاری بێ
گەلێکمان کرد بەزم وياری
بەفریش هورد هورد وادەباری
بەفرە سپی جار ناجارێ
بەسەرکەوە گەرمە سارێ

# بچکۆڵە

بۆ وولاّتی خۆم گەلێ دڵ سۆزم
ئەشقی بەهارو گوڵو نەورۆزم
بچکۆڵەم بەلاّم خۆشم ئەوێ شاخ
دێهاتەکانم چەمو ڕەزو باخ
زۆرخۆشم دەوێ مەڕو مالاّتم
کوردستان شەیدای بەرزی بالاّتم
شەیدای شاختم خۆش مەوێ ئالاّم
ئالاّ داڵێنم لە بەژنو بالاّم
من زۆربەهیوام چەندە بچکۆڵەم
بۆ وولاّتی خۆم بورکانی تۆڵەم
بچکۆڵم بەلاّم خاوەن پێنوسم
هاتوم جوغرافیای وولاّت دەنوسم
سەیرکە چەندێ کۆڵم بە شانە
کۆڵم بەرنامەی نووێ ژیانە
نەك بەرنامەیە ك تیابێ جیاوازی
خەڵك تورەبیو لێ ی نەبی ڕازی
کۆڵێکم پێ یە بەبیری تازە
بچکۆڵەم بەلاّم دڵم پڕڕازە
کارێ وانەکەن شاد بکا دووشمن
دیل نەکەنەوە کوردستانی من
باهەموو پێکڕا بچکۆڵە وگەورە

**هەستین بگۆڕین ئەویاساودەورە**
**چونکە دووشمنمان والەچوار دەورە**
**بچکۆڵەم بەلاّم زۆر تیژە بیرم**
**من پشتیوانی خەلکی فەقیرم**
**هاتوم بە بیرو ستەمێکی نوو**
**لەگەڵ زۆرداران دەبم بەرەو ڕو**
**چونکە پەیامی گەلێکم پێ یە**
**گڕی مەشخەڵم بیرێکی نوێ یە**
**دەشی پارێزم بەگیان بەخوێنم**
**ئالاّم داڵێنمە قەبرو تابوتم**
**من بێ ئالاّبم بێبەرگو ڕوتم**
**ناوەڕاست ئالاّم گڕو پڕشنگە**
**بەدونیا ئەڵێ کورد زۆر زرنگە**
**ئەمڕۆ ئالاّکەم بۆتە پێناسەم**
**دادەنێم لەڕێی من کەلەو کاسەم**

# پێنوسەکەم

چەن پێنوسم خۆشەوێ
ئەنوسێ بۆم چیم بوێ
هەر بەو فێربوم ئە لف بێ
تەمبەڵ نیە و ناخەوێ
پینوسەکەم نوکەکەم
نوسینی زوو زوو دەکەم
پێ ی ئەنوسم ژمارە
ئامادە و دەس بە کارە
ناوەستێ و هەر لەکارە
لە دەستی ئە ندازیارە
زانین دێنێتە بەرهەم
ئەنوسێ مێژوی سەردەم
بەو دەنوسم دەستورم
بەو ووشیارو جەسورم
پینوس هاوەڵی ژینم
چرای ڕێگای زانینم
پینوس زمانی مێژوو
دێ نێتە گۆ ڕابردوو
سنورم بە تۆ نوسی
توچرای چارەنوسی
تۆسەرچاوەی نوسینی
ئەرشیفی لەیاد چونی

## خۆشت بوێ

خــۆشـــت بـــوێ وولاّتـــت
لــەبۆی تەرخانکــە کاتــت
هەتاکــەی بـــێ وولاّ تـــی
دەهەڵسە واهـــات کـــاتی
بـــا تـەمـــاع ببـــڕێتـــــەوە
میلەت خـــەبەر بــــێتەوە
هەرجـــارێکت بــۆدێ هـــەل
ئاسۆ بۆت بێتــە دەم کـــەل
گــەرنا پەرێــشـــــانە بــین
بــــێ ئــــالاّ و نیــشانەبیــن
ماڵ و ســـامان بــێ ســـودە
دوای نــــــابین ئاســــودە

# خوێندن گا

خوێند گا دووەم ماڵم
تۆی پەیژەی ساڵ بەساڵم
بێ خوێندن کەڕ و لاڵم
لە پۆلا خۆش خەیاڵم
خوێندن گا دەریای زانین
ئێمەین نەوەی بەیانین
دۆستی ڕاستگۆی و جوانینت
بۆ وولاّت ئێمە خوانین
خوێندن گا جێ ی زانیاری
جێ ی بیر تیژی و ووشیاری
با نەوەستین بخوێنین
کات نەکوژین بەیاری
خوێندن گا وەك ئاوێنە
جێ ی زانیاری خاوێنە
ئەو کۆمەڵگا ژیرە کا
کۆگای ئەقڵی بێ وێنە
چەند دڵ خۆشم لە پۆڵم
ئامادە و گورچ و گۆڵم
کاتم بەفیڕۆ نادەم
دۆست و هاوڕێ ی مامۆستام
یەکجار بەڕێزن لەلام
دڵیان وەك گوڵ ڕائەگرم
بینا ئەکەن بیرو ڕام

## دەرس و وانە

من بۆ یەکەم جار کە پێتم نەخشان
چومە ناو کۆڕی دەرس و تێکۆشان
کە پێنوسم گرت بە پەنجەکانم
بارێکی قورس کەوتە سەر شانم
ئەو ڕستەی فێربوم سەرەتا دار بوو
بیرم لە تۆڵەی زوڵمی زۆردار بوو
دوایی کە فێر بوم من داراو زارا
ئامادە کرام بەڕوی زۆر دارا
قۆناغ بە قۆناغ من لەهەنگاوام
کوردستان ئەتۆی بیلبیلەی چاوم
مامۆستا منی وابەرهەم هانی
چۆن من سەرەتا چیم نە ئەزانی
دوور ناکەومەوە لەدەرس و وانە
کۆڵ نادەم هیچ کات ڕۆژ و شەوانە

# دۆستی پێنوس

رۆڵەکەم دۆستی پێنوس بە
دۆستی پەڕاوو ڕێنوس بە
دۆستی ئامێری کۆمپیوتەر
رۆڵەی بیر تیژی کۆڵنەدەر
بەکاری بێنە ئەنتەر نێت
تەخت دەکا کۆسپی سەرێت
پێنوس هەنگاو بڕی رێ یە
پێنوس دەوای منی پێ یە
پێنوس خونچەی ئاواتتە
شورەی توکمەی وولاتتە
گەرچەکی دەستت پێنوس بێ
زەخیرەی شەڕت ڕێنوس بێ
چ سنورێک دادە ڕێژی
سنگی دوشمن دادە بێژی

# قوتابی

رۆڵەکەم دۆستی پێنوس بە
دۆستی پە ڕاوو ڕێنوس بە
ڕۆڵەی بیر تیژی کۆڵنەدەر
دۆستی ئامێری کۆمپیوتەر
تۆلە بیرنەکەی ئەنتەرنێت
کە تەختەکا کۆسپ سەرێت
پێنوس هەنگاو بڕی رێ یە
پێنوس دەوای دلی پێ یە
پێنوس خونچەی ئاواتتە
شورەی توکمەی وولاتتە
گەرچەکی دەستت پێنوس بێ
زەخیرەی شەرت ڕێنوس بێ
چ سنوریك دا دەر یژ ی
سنگی دوشمن دادە بیژی

# کارەسات

ئاخ لەو بیرە كۆن و شڕە
كارەساتێ جەرگ بڕە
دەستێكی بێ غیرەت و ڕەش
گەیشتە منالێكی چاوگەش
كچێكی جوانی بچكۆڵە
لەكاتێ دەرچون لە پۆڵە
جانتاكەی دابو بەكۆڵە
ئەو بو بەنێچیری تۆڵە
كچۆڵەكی دڵ بەبێ گەرد
بەدڵێكی ڕەقی وەك بەرد
سوریان كردی لەكراسا
شارودەشت بەم كارە تاسا
ئەو بچكۆڵەو لەخوێن گەوزان
گشت یاساو ڕێساتان بەزان
كارێكی شەرمو لەنگیە
بۆ وولاتم دڵ تەنگیە
دەپاڵكەوە ئەی خوێندكارم
بەومەرگەت زۆر لەئازارم
دایان بڕی لەوانەكەت
دڕاوە جانتا جوانەكەت
ئەی پەپولەی باڵ بەخوێنم
واتكرد كەمن بۆت بخوێنم
خوێند كارم دەڤەرت هەژان
ئەی شەهیدی كێو كەژان

# کیژۆڵەن

منالی من کیژۆڵەن
چەن ناسک و بچکۆڵەن
وەك کوڕنینە ڕوح سوکن
هێند جوانن دەڵێی بووکن
بەلآم زۆر دڵ ناسکن
جوانن دەڵێی ئاسکن
منیش نادەم ئازاریان
جێ بەجێ دەکەم کاریان
زۆر ووشیارو بەهەستن
لەبانگی بەهێز پەستن
تووڕە نابن ئاسایین
زۆر دڵ پاکو یاسایین
من دانانێم جیاوازی
خودا لەخۆم ئەکەم ڕازی
خێزانێکی دڵ خۆشین
هەمومان تێ دەکۆشین
بەسەر ژینا بو ینە زاڵ
هەندێ بەکاری ناو ماڵ
داخوازی ئەوان زۆرە
جلیان چەن چەشنو جۆرە

چـــی بڵـــێن بۆیـــان ئەکـــەم
لـــەئاسمان پەیـــدای ئـــەکەم
گـــەر پێکـــەنن مـــن شـــادم
گـــــەرخەمباربن کـــــەسادم
بـــــژین کیـــــژۆ ڵـــەکـــــانم
منـــیش بـــە ئێـــوە جـــوانم

# مامۆستا

نەم دەزانی بگرم پێنوس
من بنوسم وشەو ڕێنوس
تۆ فێرت کردم ئەلفوبێ
بۆت ڕوناك کردم کۆلە ڕێ
بەردی بناغەی فێربونی
مەشخەڵی ڕێی ووشیاربونی
تۆمنت کردبە ئەندازیار
تا دروستکەم کۆشك وتەلار
تۆمنت کردبە ئە فسەرهەر
بۆ نیشتمان ببمە سوپەر
هەرلە تۆ فێربوم بیرکاری
لە بۆ کاری ئەندازیاری
تۆ فێرت کردم کشتوکاڵ
تۆ فێرت کردم خاڵ بە خاڵ
تۆبووی منت کرد بە ئەکتەر
تا گەلەکەم بێنمە خەبەر
پێت گەیاندم ببمە دکتۆر
بن بڕکەم نەخۆشی و ناسۆر
پێت گەیاندم بۆ دادوەری
بۆ ڕاستی و یاسا پەروەری
ئاشنات کردم بە سنورم

خەتی سەوزو خەتی سورم
تۆ منت کردە ڕۆشنبیر
چاکەی تۆم قەت ناچێ لەبیر
تۆ تیشکی ڕونی زانیاری
وڵاتت خستە بەختیاری

# هەنگ

هەنگە بچکۆڵەی نازدار
ئەی دۆستی گوڵو گوڵزار
ئەی مێشولەی بچکۆڵە
هەمکا ت بارت لە کۆلە
بێ وەستان ئەخولێیتەوە
بە شیرینی دێیتەوە
کەدروست ئەکەی شانە
بەش بەش وخانە خانە
حەزت لە سەرگوڵانە
لەوێش بۆ نێو کولانە
دێنینە بەرهەم هەنگوین
هەنگوینی پاکو شیرین

# یاسا

یاسام لەلا خۆشەویستە
یاسا بۆ وولات پێویستە
یاسایە دەستور دەرەخا
وولات بە پەیژە سەرەخا
یاسا خۆی داد پەروەری یە
بۆ گەلان جێی سەروەری یە
یاسا مافی هەژارە دا
کە بێ جیاواز بڕیارەدا
بژی یاسای بێ جیاوازی
کە هەمو کەس دەکا ڕازی
کاتێ یاسا پشت گوێ ئەخرێ
مافی خەلکی هەژار ئەخورێ
یاسا ڕوناکی ڕێی ژینە
یاسا بەختیاری و ئەوینە

# ئالآ

بـا بـــەرز ڕاگـــرین ئـــالآ
بـــاهێزی بـــدەین بـــە پالآ
ســورخـــوێنی شـــەهیدانە
زەرد تیشکی ســـەرهەڵدانە
ســپیش نیــشانەی پـــاکی
بــژی کـــورد ئـــالآ و خـــاکی
ســەوزیش بەهـــاری ژینــە
دەس لە تـــەماح هـــەڵبگرە
ئـــالآی بـــەرزت ببینـــە
یاخـــوا ئـــالای ســـەربەرزی
بتبیـــنم هـــەر لـــەبەرزی

# ئالآکەم

ئالآی ساڵە های ساڵم
ئیستا بەرزی لەماڵم
سەوز ڕەمزی بەهارە
زەردیش هیمای گوڵزارە
سور نیشانەی خەباتە
هەربژی ئەو وولآتە
سپیش ئاشتی و ژیانە
دۆستم لەگەڵ گەلانە
یاخوا ئالای کوردستان
بتبینم لە بەرزی و بان
باهەر بشەکێتەوە
رۆژی رەش چوو نێتەوە
بابێ فێل بەرزی بگرین
دەست لەتەماح هەڵگرین

# منالآن لەدین

جـــوانە دونیـــــای منــــــالآن
دەبــــــــانن لــەنێوكــــــالآن
ئـــــەوان هەڵگــــری ئـــــالآن
بـــۆ ئیـــسلام بـــەژنو بـــالآن
بـــابەو دینــە گۆشـــیان كەیـــن
بەدیـن پەردەپۆشـیان كەیـــن
دڵـــشـــادو دڵخۆشـیانكـەیـــــن
نـــەوەك فەرامۆشـیانكـەیـــــن
لــەڕێـــی ڕاســـــتی ئیـــسلامـە
پرســــیارکـــوا بـــێ وەڵامـــە
دەوای هــەرهــەمــــــوو زامـــــە
دینـــــی ئاشـــــتی وســەلامـــە
ئیـــسلامـە ڕاســــتەڕێ یـــــە
ئەخلاقــی جـــوان لـــەوێ یـــە
چـــرای تــــاری شـــەوێ یـــە
دورگـــەی عـــلم ئـــەوێ یـــە
بـاقــورئانـــــێ لــەبەرکەیـــــن
دونیــا لـــــەخەو خەبەرکەیـــن
چـــرای ئەودینــە هەرکــەیـــن
دونیــای پـێ سەوداسەرکـــەین

# بەشـــــی
# ئـــەڤینـــی

# کیژان جوانتر

سەرەتا تۆ بوی منت خستە نێو خۆشەویستی
خۆت بەچەشنێ نیشاندا بۆیە دڵی من ویستی
ئێشتاش وات لەو ئیشقەکرد سەرتا پا دونیا بیبیستێ
شەو بێ خەو رۆژ بێدارم تاکەی وابێ هەڵوێستی
شەماڵ پەرچەمی هێنا دایانگرت ڕووروخساری
تۆ نازانی چەن جوانی بەو جلی کوردەواری
ئێکچێ دڵت سووتاندم بەگڕی ئەویننداری
چەنە درەنگ سارێژەبێ زامی دڵی دڵداری
چاوی ژێر دووبرۆی رەش بۆ ژینی من لەڕاوە
جوانیەکەت دڵی بردوم شنگی ئە شنۆم نەماوە
ئەو ئیشقەزۆر کاریە ئۆقرەم لێ هەڵگیراوە
ئەگریجەی هێنا شەماڵ بۆ ڕوخساری سوڕاوە
وەرەوە بۆجێ ژوانێ دەست لەملانت وەربێنم
ئەو باسکە سپیەت ڕەندی ساتێك بکە سەرینم
ئەگینا وەك گوڵی سیس خەریکی هەڵوەرینم
ناوێرم بانگت بکەم بەرز دەنگم هەرینم
توخوا ئازارم مەدە نێو دڵم داخ وسۆیە
دڵم زامدارە زامدار وابەستەی ئیشقی تۆیە
چۆن واباریکت کردون ڕاتکێشا ئەو برۆیە
پەرچەمت بەخۆی ڕەشن ڕەشی مەکە بەبۆیە

# دێم و دەڕۆم

هەرچەندە من دێم و دەڕم بەلاّم بێکەڵك و بێ سودە
کەتۆ دڵ شکاوت کردم منم بێ هیواو بێ هودە
باوکی بێ ویژدانو دینت کەتۆی وابەزۆر بەشودە
منت خستە گێژاوی خەم نەبوم بەختیارو ئاسودە
من خزم و دۆستم عاجزکرد بەڵێن و وەعدم وەتۆدا
چۆن ڕازی بوی چونت توانی شەرمت نەهات بەسەرڕودا
هەوڵ دەدەم کەوازبێنم بەس دڵ لەئیشقی تۆ بەندە
لەسەر لێوی منت نەهێشت شادی و خۆشی و بزەوخەندە
قەت وا دابڕان و دوریم بەم شێوە نەکرد مەزەندە
بوەچیڕۆك باوازبێنم خۆی بۆ ماندو نەکەم هێندە
ئەوینی تۆ وازناهێنێ لەبیرکردنەوەو خەیالاّی
قەت خەیالّم جێناهێڵن خەندەو ناسکی بەژن و بالاّی
فێری مژینی سێوی بوم لەنێو سینەی سپی والاّی
ئەزانم لەئیشقم بەندی ئێستا لەنێو ژینی تالاّی
تازە ژیان مانای چیە کەسوتا ئیشقی نێودڵم
وەکو بولبولێکی نەخۆش بێ پۆپەڵ و خونچە گوڵم
سەرلێوی جێهێشتم خەندە کەوتە ژان دڵی بەکوڵم
بەڕاستی ژین تاڵبو بۆمن بەئاواتی مەرگ و گڵم

# زەمەنێکە

زۆر خۆش بەختم من ئێستاکە کەلەدڵی کەسێ وەك تۆم
منیش پەیامی جوانی تۆ جێگیر دەکەم لەدڵی خۆم
زەمەنێکە هەنگاو هەنگاو بەدوای ئیشقی تۆدا دەڕۆم
بەجۆرێ سەودا سەرتم ڕۆندك بەرنادا سەر دوو گۆم
لەنێوانی من و تۆدا بڕوابکە سنور نیە
سەدان میل بۆ خۆشەویستی هەنگاوێکە خۆ دورنیە
گوڵی سوری هەموو دونیا بەقەد گۆنای تۆ سور نیە
جوانی هەموو دونیا بێنی وەك جوانی کچی پور نیە
حەیامێکە بەدوای تۆوە بێ سەر ماوم سەر گەردانم
دڵت خستمە ژانێکی قوڵ تۆراوە خەونی شەوانم
خەندە بگێڕەوە دڵم باخەم نەبێتە میوانم
بەجێم مێڵە زۆر تەنیامەدەبێ هەربێی چاوەڕوانم
ئەگەر لەناو دڵی تۆ بم چۆن دەردەچم من لەخۆوە
بۆ چرکەیەکیش ناتوانم دور لەباخی گوڵی تۆوە
توخوا ئەگەر لەهەولێری بەبێ دیتنم مەڕۆوە
دەستت خستە زامی کۆنم جێ ی مێڵە بەسفتو سۆوە

# سەرەتای یەکتر ناسینمان

سەرەتای یەکتر ناسـینمان هەلتکێـشا هەناسـەی سـارد
زانیم پەیامی ئیشقت بـوو بـە ئـاهێك بۆمنـت هـەنارد
منیش تاگەیشتمە دیدارت هـەر خـەمو ژان بـو دەمـژمارد
زۆر لەمێـژە لەدڵمـدای زۆر داخ و حەسـرەتم دەخـوارد
یەکەم دیـدەنی و دیـدارت ئـاهو هەناسـەت هەڵکێـشا
ئـاهی تـۆ تـیری ئیـشق بـوو بەدڵـی منتـا دا کێـشا
منت خـستۆتە نێـو دەریـای خـەیاڵاتی بـێ ئەنـدێشە
برۆی کـەوان و زولفـی ڕەش مـنی بـۆ ئیـشقت ڕاکێـشا
هەرچەندە من دێـم ودەڕۆم بـەلاٚم بێکـەڵك و بـێ سـودە
کەتـۆ دڵ شکـاوت کـردم مـنم بـێ هیـواو بـێ هـودە
یاخوا خوا ئەو کەسـە بگـرێ کـەتۆی وابـەزۆر بەشـودە
منت خـستە گێـژاوی خـەم نـەبوم بەختیـارو ئاسـودە
هەوڵ دەدەم کەوازبێنم بـەس دڵ لەئیـشقی تـۆ بـەندە
لەسەر لێوی منت نەهێـشت شـادیو خۆشـیو بزەوخـەندە
قەت وا دابڕان و دوریـم بـەم شـێوە نەکـرد مەزەنـدە
لەو ئیشقە زۆر ماندوت کردم بـەس ئـازارم بـدە هەنـدە
ئەوینـی تـۆ وازناهێنـێ لەبیرکردنـەوەو خـەیـالاٚی
قەت خەیاڵم جێناهێڵن خەنـدەو ناسکی بـەژنو بـالاٚی
سەربرۆی ڕەشیان بزرکرد ئەو زولفـی ڕەشـی تێـك ئـالاٚی
ئەزانـم لەئیشقم بەنـدی ئێـستا لـەنێو ژینـی تـالاٚی
تـازە ژیـان مانـای چـیە کـەسـوتا ئیـشقی نێـودڵم

وەکو بولبولێکی نــەخۆش بــێ پۆپــەڵ و خونــچە گـــوڵم
ســەرلێوی جێهێــشتم خەنــدە کەوتــە ژان دڵــی بەکـــوڵم
بەڕاســـتی ژیـــن تــاڵبو بــۆمن بــەئاواتی مەرگـــو گڵـم

٢٠١١\٧\٥

# چیت لێهات

چیت لێهات وبۆ کوێ چوی تۆ خۆت لێم دەهاتیە پێش
جوانی ئەبرۆو چاوی ڕەش بۆ ئەشکت دەمکا ڕاکێش
بۆ ونبوی سوتاندمت بوم بە مشتێ خۆڵەمێش
خۆت ڕێگات لێدەگرتم دیارنی تۆ لێرەو لەوێش
چیت دەوێ چیت لێم دوێ ئیشقت ئۆقرەمی بڕی
داواو داخوازیت چیە دڵمت زۆر هەرزان کڕی
دلی من وەك پەپولە بۆمەزار ئیشقت فڕی
ئاگرت داخستە دڵ قەت دانامرکێ گڕی
بۆ ونبوی هۆزێرە جوان بەندی دڵت بەستمە
چۆن دەبێ ئێستا بڕۆی خۆت خستە نێو هەستمەوە
چۆن دەبێ وام لێبکەی بمخەیت وهەڵنەستمەوە
جێم مێڵە بەجێم نێڵی دەستت بێخە دەستمەوە
بۆ وادەکەی باوانم بۆ ئەوین سازکە خوانێ
ڕێکەوتنماو کەی وابوو بەڵینی پێدام کوانێ
پەرچەمی ڕەشو گۆنات ساز بدە بۆ جێژوانێ
چارەی زامی دڵم کە پەنجەم لۆ لەسەر دانێ

## عیشق

یەکەم جار تۆ منت خستە
دەریای قوڵی ئەویندارى
من نەمزانی گڕی عیشق واکاریە
من ناگرم بەرگەی ئازاری
من نەمزانی لەناخەوە ئەم هەژێنی
من نەمزانی گڕی
دڵ هەرئەقرچێنی
ئارام لە گیانم هەڵەگرێ
دۆستی شیوە ن و زارەبم
خەولەچاوم ئەتۆرێنی
شەوتابەیان بێدارەبم
ئێستاش جارجار بێ هەواڵی
هەندێ جار بێبەزییانە
بینای ئەوین ئەهەژێنی
ئەودڵەی بەندی ئەوینت
جارناجارێ ئەڕەنجێنی
جارجار خەندەو بەزەیی خۆت
بەڕوی مندا بپرژێنە
لەنێو خەمدا بەجێ ی مێلەو
لەنێو ژامەی خنکێنە

٢٠٠٧\١٢\١٧

# بەیان

وابەیانــەو بـۆخەمـــی نـــوو دڵـــم دەرگـــای دەکـــاتەوە
چـاوەڕێـــی بــزەوخەندەبـــوم بـــەلاَم ڕۆیـــو نەهــــاتەوە
مــەرگیش بۆجەســتەی شـــەکەتم پەیوەســتبوە بەکاتـــەوە
چـاوەڕێـــم لـــەتارمای خـــەم یەکـــێك لام لێ بکاتـــەوە
بەیانیـــەو هەرکــەس ئـــەڕوا بـــەدوای هیـــواو ئـــاواتەوە
دڵـی من بـــێ هیـــوا کـــەوتو تـــالاوی خـــەم ئەخـــواتەوە
هەرچـــی دێـــو هیـــوای بەدیـــدێ لێوبەخەنـــدە ئەڕواتـــەوە
بــە لاَم بـــۆمن تەنیاخــەم دێـــی هــیواکانـــم ئەشـــواتەوە

# ئێواره

ئێوارەیەو هـــەوار چـۆڵە دڵـم بۆتــە خانەخێـــی خـــەم
ئێوارەیـــەو کەشـــەودادێ بەربەرۆکـــم بەرنـــادا خـــەم
ئێوارەیـــەو شـــەوبێزارم خـــەم تەنگـــەکاتن هەناســـەم
بەس مـــاوە بەکێـــوان کـــەوم وەك وەلی دێوانــە بۆشـــەم
ئـاخ لەدەســتی یاســای کـــۆنوو دابونـــەریتی پــڕ ســتەم
من چ تــاوانێکم کـــرد بــوو بــاجی نــەریتی کـــۆن بــدەم
ئێوارەیەو دڵـم تـەنگــە تێـــك ئـــاڵۆزە ڕیــش وپەرچـــەم
ئێوارەیـــەو گەمارۆیـــدا لەشـــکری خـــەم دڵـــی زامـــم
کەس گـــوێ نـــاگرێ لــە بێرۆکـــەو لـــەڕێنمای ولە پـــەیامم
مـــن نـــەبێکەســـو نـــەقانیع ونـــەنـــالیمەو نەخـــەیامم
من دیل جەســـتەی زاڵـــم نـــیم کوشـــتەی دەســـتی کـــچەمامم

# بیٚ هەوالی

کـە بیٚ هەوالی گــولی مـن بــە بــیٚ هـــەوالیت خـــەمبارم
چیت دەویٚ دەســتە وەســتـانم پـیٚنیٚ لـەچــاوو ڕوخــســارم
دیلو دەرویٚشی ئیـشقی تـــۆم تـوخـــوا گـەر بـدەی ئـازارم
بەبزەیك دلم خـۆشكـــەی تــا دەمـــرم هـــەر منـەت بــارم
ئەگـەر هەمــوو دونیام هەبیٚ بە بیٚ بـالات بـیٚ بـە هـــایە
دلم بە هیچ شـت خـۆش نابیٚ غـەیری ئەو بەژنــو بالایـە
هـەركاتو ساتیٚك دیٚ ی گـولم دەرگــای دلـم بـــۆت والایـە
لالٚ بیٚ ئـەو ئاشـقەی لـــەدۆستی بەوەفـــای بـە سكالایە
كـاتیٚ تـــۆ لـەیادم دەچـــی كـــە دوا غـــەلغەلەی زارمـە
تـاشـــۆڕم دەكـــەنە نیٚـو گــۆڕ بەخـــوا ئـەوە بڕیـارمـــە
شیٚتو سـەرگــەردانت كـــردم دونیــا گـــویٚ ی لـە هاوارمـە
خـــۆزیە ڕۆژیٚ ســـەرت ئـەدا ئــەتبینی گـــریان زارمـــە
زولفت وەك لـە شكــری مـەغۆل سـینەی سـپی گـــەمارۆ دا
چاوت بـازیٚكـی گـیر خواردو لـە بەنـدی دوو ئـەبرۆی تـۆدا
دلی زامـداری منـت بـــرد هیٚـشتت لـــە ژیٚـر سفتو ســـۆدا
سوخمەی بە سیمو پولەكـەت پالیـان دا بەسـەر دوو گـــۆدا

# جەژن

من لـەم جەژنە چاوەڕێم دیـــاری تـــۆ بگـــاتە دەســـتم
تۆزێ خەمی دڵم کـەم کاوکـەمێ خۆشـــکا دڵــی پەســـتم
خەندە میوانی لێوم بێ وخۆشـحاڵ بکـا هەسـت ونەسـتم
هەتاکەی وەکو دیل جـەنگ لـەدەرگای عیـشقت بوەسـتم
نەمدەزانی کەبــێ ڕەحمــی جێژنانەشـــم لەگـەڵ ناکـەی
دەبــێ کەی بــێ ئاوێکی ســـارد بـەئاگری دڵـــم داکـــەی
بزانـــی دڵ چـۆنەســـوتێ قـــەت لەدیتنـــم ڕاناکـــەی
دەبــێ کەی بــێ دڵــی ڕەقــت بۆخەنــدەی دڵــم والاکـــەی

## چەتری خۆشەویستی

لەژێر چەتری خۆشەویستی بەرزی تۆدا
چاوی ئەوینم هەڵێنا
لە گوڵدانی دڵی تۆدا
گوڵم هێنا
لەنێو دڵی خۆم ڕواندم
لە بەهاری دڵی تۆدا
یەکەم چەپکە گوڵم چنی
باسی بەرزی ئەوینەکەن
تۆلوتکەی خۆش بەختی منی
تۆی پیشەوای مەستی ئەوین
دڵمت لەقینە داتاشی
بەوتەی ناسکو شیرین
یەکەم هەنگاوی دڵداریم
بۆتەلاری عیشقی تۆ بوو
یەکەم گەشتی ئەویندارییم
بەنێو پەڕەی دڵی تۆ بوو
یەکەم بۆنی ئەوینم کرد
لەسەر پەڕەی گوڵی تۆ بو
لەسەر پەڕەی پەمەییەکەی گوڵی گۆنات

وەکــو هەنگێ خــولامە
وەکو بەفری سپی بەهار
بەتیشکی گۆنای سوری
تۆ توامەوە
یەکەم شیلەی عیشقم کەمژت
شیلەی شاری کولی تۆبو

# خەیاڵ

کاتێ خەیاڵم هەڵە فڕێ
خەیالی من وەك پەپولە
بەسەر گوڵی گۆنای سورتا
ئەخولێتەوەو هەڵدە نیشێ
ئەگریجەت دێخیتە جولە
خەیاڵی من وەك هەنگێکە
شیلەی گولی لێوت ئەمژێ
لێوت پەمەیی ڕەنگێکە
کاتێ کەهەناسەی گەرمی
سەر دوو لێوی پەمەیی تۆ
ئەدا لەهەنگی ئەوینم
ئەنیشم لەسوری سەرگۆ
باڵی هەنگی ئەوینی من لەسوڕو
فڕین پەکە خا
ئەوینی من شنەی بایە
ئەچێتە نێو پەڕاوی دڵی ئەوینت
بەرو بارگەی خۆی دادەخا
نەسیمی بەیانی زوە
هێدی هێدی و بەئارامی
ئەچتە ناو پەڕی پەمەیی
تازە خونچەی هیوا کانت
پڕ لەهیواو ئارەزووە
ئاخ چڵی نەرمی ئەوینت

چەندە هێواش و لەسەر خۆ
لەناو باخی ساوای دڵم
دڵی پڕ سۆ
شارێ ی ئەوینی داکوتا
خونچەی ئیشقی تۆ وا پشکوت
لەباخی دڵی پڕ خونچەم
بەس خەندە دەبێ بەرەو ڕوت

## داڵغەوخەیاڵ

چیبکەم لەداڵغەوخەیــاڵ و
لەئــازارو ناڵەی شــەوێ
تـافرمێسکم گۆنـام نەگرێ
چاوانـم قەت ناچنە خەوێ
دەزانــی چەن شــادم ئەكا
ڕووی خــۆش وبە پێكە نینت
بەندی بەردەگای عیشــقتم
نە مخەیتە بەر ڕقو قینت
مــن نەمــزانی ئەوینــداری
هێندە بەداخ و نـاســۆری
لەناودڵــی زامــاری مــن
برینــی واقــوڵ هەڵدەكــۆری
من نەمزانــی ئەوینــداری
شــەوڕۆژ هــەر بێــدارەبــم
چی بزانـم دورلەخەندەو
دۆســتی خەم وئــازارەبم
من نەمــزانــی ئەویندارى
مــن دەخاتە نێو ئەو بەندە
دوردەبم لەخۆشبەختی ژین
لــە پێكەنین ولە خــەندە
گڕی عیشــق داخــی كردم
دوایی ڕۆیی بەجێی هێشــتم
ئێستاش دۆستی گریە وخەمم

چ تاڵاوێکی پێ چێشتم
ماڵئاوا ئەویندارەکەم
بەس جێت لەناو دڵم چۆڵە
دڵم دەسبەردارت نابێ
بارگەی خەمم وابەکۆڵە
تادڵ لەکوتە ئەکەوێ
عیشقی تۆ هەرلەگەڵمایە
لەناو خانەخانەی دڵم
ئەوینت ڕەگی کوتایە

# دەرگای دڵت

من یەکەم جار کە لەدەرگای ئەوینم دا
لەدەرگای دڵی ڕەقی تۆ ھا تمە ژوری
لەیەکەم ھەنگاو نەمزانی
دڵی تۆ بەندی خانە یەو
شادی تیایا ڕانابوری
دڵی منی تیا بەندەبێ و
بێ ڕەحمانە گوڵی پەمەیی ئەو
ئیشقەم ئەوەریێنی
ئەو دڵە ی کورەی تورەو ڕقو قینە
دڵم لەخۆت ئەتۆریێنی
سەرنجی منت ڕاکێشا بۆ ئەوینت
من نەمزانی لەدڵی تۆ
تۆزێ بەزەیی تیا نیەو
من نابینم پێکەنینت

## دەلادە لادە

دەلادە لادە زولفۆ ئەگریجەت لادە
گۆنات ببینم دەنا چەن دڵم شادە
دەسڕی سەرچۆپیت دە بادە و بادە
سینەی خاڵ خاڵت لۆ لێم پەنادە
بۆ تەکیەی ئیشقت چەندم کرد گازیت
وەك شای دڵ داران دەمکرد پێشوازیت
مردم لە ئیشقت هێشتا نارازیت
پیربوم نەمزانی تۆ بەچی رازیت
ئێستا دێیتەوە چەن ساڵی پێچو
خۆشبەختی ژینم هەموو لەدەست چوو
دیارە دواکەوتوی کاتی بەسەر چوو
ڕقو قینەی تۆ لە رێساش دەرچوو
تازە مرد جوانی شەوقی هەردوگۆت
هاتوی بیکێشی داخی هەڵەی خۆت
پەشیمانیش بی سودی نابێ بۆت
من ناگرم بەرگەی دڵی پڕلە سۆت
تازە چۆن کەیفم بەو ژیانە بێت
عیشقو جوانیمت خستبوە ژێر پێت
دووبارە ئیشقت چ کەڵکی ئەبێ
چۆلیم هەڵبژارد وەك دێوانەو شێت

## دڵی شەکەت

بەس بەسەر دڵی شەکەتم
دەرگای بەزەیی خۆت داخە
لەکانیاوی ئەوینەکەت
ئاو پرژێن بکە دڵەکەم
فەرشی سۆزداری خۆت ڕاخە
ئەو لێوانەی پەڕەی گوڵت
بەڕومدا بێخە پێکەنین
لەدەریای دڵی ئەوینم
ئەوینی تۆ شە پۆلەدا
بزەیەکت ئەخاتە نێو
خۆش بەختی ژین
بەو چاوانەی ژێر ئەبرۆی ڕەش
چاوێکت لەئەوینم بێ
ئاگات لەدڵی شەکەتو
پڕلە زامو برینم بێ
گۆنای سوری گوڵە باخت
بەڕوی مندا دامە پۆشە
بابەزەیی بێ بەدڵتا
بەدیدارت دڵم خۆشە
دیارە دوور نی
دیارە دوورنی چۆن لەگەل شنەی نەسیما

بۆنی خۆشی زولفت دەکەم
دڵی منت خستە خورپە
لەژێر قانە ئاسمانێکین
حەز بەبەرزی و لوتفت دەکەم
بۆیە خەیاڵ وەك چۆلەکە
نیشتۆتەوە سەرچوارچێوەی
ئەلبومی وێنەکانتەوە
دیارە دوورنی
دیارەدوورنیو لەو نزیکەی
بۆیە دڵم لەلێدانا چالاك بوە
چاوەڕێمە بمدوێنی بەدڵی میهرەبانتەوە
دیارە دوورنی
بۆیە زومی بیرکردنەوەم لەسەر وێنەی گۆنای تۆیە
دیارە دوورنی
بۆیە هەستی ئەویندارییم
گوێبیستی چرپەی پێی تۆیە
دیارە هەرلەم نزیکانەی بۆیە دیدی چاوەکانم
ڕەنگو ڕووی تۆم دێنێتە یاد
دیاردوورنی
خەیاڵت لەهەموو دونیای پچڕاندوم
خەیاڵم هەر لەلای تۆیە
وەك کۆیلەیێ بمکە ئازاد
دیارە دوورنی
دیارە دوورنی

٢٠١٢\٤\٣

## رقوكینه

ڕقوقینەی زەمان بۆچی
دڵی منی کرد بەنیشان
دڵشکاوی عیشقی کردم
وەخۆم تاڵاو و برکوژان
تیر بۆنم نەکرد زولف لول
کە دادەپۆشیٚ سینەو شان
بیرۆکەی خۆشبەختی ژینم
بەدابڕانیٚك هەڵوەشان
خەیاڵی خۆشبەختی کوشتم
وامرد و کەوتە ڕاکیٚشان
چی لەدڵی بریندارکەم
کە پڕ سۆیە لەدوری تۆ
چ زامیٚکی خستە دڵم
ڕومەتو گۆنای سوری تۆ
چ زامیٚکی جیٚهیٚشتوە
بۆنی سینەی نجۆری تۆ
چۆن دڵی خستمە ئەوینت
قەدی جوانو بلوری تۆ
ئەگەر ئەتزانی ئیٚستاکە
چۆن لەسوتان دڵی من
ئاوابیٚ هەواڵ نەدەبوی

هەواڵت دەبو گوڵی من
ئەگەر ئەتزانی ئێستاکە
لەئیشقت چۆن لەسوتانم
فرمێسکی ئیشقو ئەوینت
سەر هەردو گۆنای سوتانم
سنورێکت هەردادەنا
گوڵم بۆ ناڵەو گریانم
چونکە هەرئەنتۆی گوڵی من
تروسکەی ئاسۆی ژیانم
ئای چەن بەناسۆرو ژانە
کەدوریو نابیٚ هەواڵت
سێبوری من هەربەوە دیٚ
یادەوەری چاوی کاڵت
ئای چەن بەناسۆرو ژانە
رێگای دوری سەدان سنور
چیبکەم بۆبۆنی نێو زولفو
سینەی بەخاڵو لێوی سور
بەراستی ئازارم ئەدەی
زەنگ لێنادەی نایێ نامەت
چۆن دڵت دیٚ ئازار بدەی
ئەوینی ئەو کورە مامەت
هەر ئەمن دەبمە دکتۆری
ئەو دڵە پڕ پڕ لە زامەت

هەر من بكە پاسەوانی
سینەی سپیو دوشەمامت
پە نجەی من بكە بەشانە
تا شانەكەم زولف رەشت
بێنە باسەر خەو بشكێنم
من لەسەر سینەو لەباوەشت
چەن سەرسامم بەبینینی
سینەی سپیو گۆنای گۆشت

# زەنگ

زەنگ لێدە گوڵم زەنگ لێدە چاوەڕێی زەنگو نامەم
چاوەڕێی نامەی جوانم غولامی دەستوخامەم
بەڵکەم سارێژ دەکاتن سفتوسۆی نێو ئەو زامەم
لەمێژە من لەبەندی داوی ئەو کچەمامەم
لەمێژە من تامەزرۆی سەرگۆی ئەو دوو شەمامەم
منیش مەمی عاشقی ئەو ڕۆژگارو عەیامەم
من چاودێرو چاولەڕێی ئەو نامە پڕ سەلامەم
چاوەڕێی وتەی ڕەق نیم چاوەڕێی ئەو وەڵامەم
لەسەماعەی مۆبایل دێ دەنگی بازنی قۆڵت
دێ دەنگی بازنی زێڕی نێو قۆڵی نەرمو نۆڵت
خۆزیە منیش خوێندکاربام هاوتەمەن و هاوپۆلت
دڵت بردوم بێ دڵم قەت نابمەوە لە کۆڵت
کەتەلەفۆن لێدەدەی دەزانم کەبێ وانەی
خەریکی داهێنانی زولفی لولی بەشانەی
خوایە ناجیعی بکەی لەم دەرسو ئیمتیعانەی
ملوانکەی زێڕ لەسەمان لەو سینە سپیووپانەی
سەرسامم بەباریکی ئەو برۆیە کەوانەی

٢٠١١\٥\١

# زووم زانی

**زووم زانی کچێ زووم زانی ئاشتی گیان من زووم زانی**
**تۆیارێکی بەوەفاو دڵ نەرمو میهرەبانی**
**زولفی نەرمو ڕەشو لوس دایان پۆشت هەردو شانی**
**مەمت لەبن کراسی تەنگ سوخمەت خستۆتە بانی**
**جاروبار سەر نزمەکاو لەملوانکان دەڕوانی**
**گەرتۆ ببی بەبێری منیش ڕازیم بەشوانی**
**گەرتۆ هاوسەرم نەبی دوونیا خۆشیەکەی کوانی**
**سێ چوار پیتی کوتاوە لەسینەی سپی پانی**
**دێم میوانی سینەتم رامبگرە بە میوانی**
**ماشەڵای دوێ بالآی نوکی خامەی هێنا گۆ**
**گۆنات پەمەیی کردوە باریکت کردون برۆ**
**ئاشتیم ناسکە بێریە سازدەکا لۆرو فرۆ**
**زوم زانی ئاشتی گوڵم تۆ لەگەڵم دەسازی**
**بەس جارجارە دڵگیرم بەجوانیەکەت دەنازی**
**دوێنێکە لەجێژوانێ گەلێکمان کرد دەس بازی**
**گوتم دێم بۆ داخوازی وات نیشاندا کەڕازی**
**حەسیبە باوانەکەم خرپنی بەرزە باڵا**
**شێتی دوو زەردە لیمۆم سینەم بۆ بکە والا**
**زولفی ڕەشو درێژولوس لەگوارەی زێڕی ئالا**
**بۆت دەکەومە دەشتو دەر ئارام ناگرم لەماڵا**
**شێتە بم کەدەبینم مناڵت خستە کۆڵی**

بــــەس دڵ خۆشـــم لەشـــایی ڕادەکوشـــم پە نجـــەو قـــۆڵی
جارجـــار شــــانم گیرەکـــــەم لـــــەلیمۆی توونـــدو تـــۆڵی
گۆنــــای حەســــیبەی ونکـــــرد قــــەراج بـــــەتۆزو خـــۆڵی
کارمــــــامزی قـــــەراجی قـــــەراجی گەرمــــــە ســــــێرم
نامـــەم دێـــو نامــــەت نـــایێ چـــەن جوابـــت لـــۆ دەنێـــرم
زۆر لەمێـــــژە حەســــیبە بـــــــەدوو شـــــەمامەت فێـــــرم
حەســــیبە تـــــۆ مــــامزی دەشـــــتی هــــــەولێری

# ستەم کار

**کوا لەدەست ستەم کاریتا بیرو هۆشم کارەکا**
**تۆ بەڵێنی چیت بەمن دا هەی ستەم کار پارەکا**
**گەرتۆ ئاوا بەجێم بێڵی کێ ئەو زامەم چارەکا**
**گەرڵێم دووربی شادی وخەندە بارگەی لای من بارەکا**
**باوەڕبکە زۆر زەلیلم دڵ هەربۆت هاوارەکا**
**شەو بێخەوم ئەو دڵەم هەرشین و زارەکا**
**توخوا وەك پارم لێنەکەی ئاشتی گیان ئەوسارەکا**
**دوریت دڵم دێختە ئازار هەناسەشم سوارەکا**
**وەرە بۆ سەیران ببینە قەراج چ بوارەکا**
**دوریت ئازاری زۆر زۆرە ئاسن و پۆلاٚ خوارەکا**
**نەمزانی ئەوینت ئاشتی زوڵی ستەم کارەکا**
**دەزانی زەنگ ونامەت چەن گەروی من تارەکا**
**دوریت لەمن ئاشتی ماڵم ناعەز بەختیارەکا**
**بەس دیدەنی و زەنگ ونامەت ناعەزا نمان هارەکا**
**خەمی تۆ خەممە ئاشتی من دڵم پڕ ئازارەکا**
**دڵ بەدوای بۆنی زولف تۆ دەڕواو شارەو شارەکا**
**مەم لەگەڵ زین دەدەنیشێت گوفتوگۆ ومشوارەکا**
**دڵ ڕەقیت زۆر بێ ئەندازە زارو زمان لارەکا**
**یەك خەندەی ڕووت لای من زۆرە لای من ساڵی کارەکا**
**کەیفی مەمیلانت تەنگە سەرگۆی مەمت خوارەکا**
**دوایی من پێی دڵ تەنگ دەبم مەمیلت ئازارەکا**

## شایی

شایی کـە گیـانی گیـانم
بـاش هەلپەڕە بـاوانـم
مەمت کـراسیان تەنگاو کرد
لـە مەمان پاسـەوانم
سـەربڵند کـەو سەیرکـە
چـۆن لەبـالآت دەڕوانم
تۆسـەرچۆپیت گـرتووە
ئازیز مـن لە گـاوانم
سەرچـۆپیت کـەم ڕاکێشە
لۆت هیلاکـم ناتـوانم
زەردە لیمۆت لەسـەمان
نەی گـۆ وێنی بـاوانـم
پەڕۆی چـۆپییەکەت سـورە
ئارەق تەڕیکـرد گیـانم
زولف برۆی ڕەشیان گـرت
لایاندە خـانمی خـانم
زڕەی گـوارەو ملوانکـەت
لادەبات خـەمـەکانم
گـوڵو گـوڵزاری سینەت
مـن تێیدا باخـەوانم

شایی کە کیانی گیانم
باش هەڵپەڕە چاوانم

# چرای ئیشق

چـرای ئیشقو خـۆش بەختی من بەدڵ ڕەقـی تۆ کـوژاوە
پـەڕاوی نەخشاوی ژینم هەمـووت لـەژێر پـێ دانـاوە
شێر پەنجـەت بـۆڵم هێنا بە سـوکی دەسـتت کـێ شـاوە
تـازە گـەر بشگـەڕێیتەوە برین لەجـەرگی مـن کـاریە
ڕوناکیت لـە دڵم نەهێشت بەر هـەردوو چـاوم تـاریە
بـەزەیو سـۆزت لانەبـوو زۆر عـەزت لـە زۆر داریـە
تـازە وەلامـم بـۆت نیـە گـریان بـە سـەرما باریـە
چـی دیکـە مـاڵی پێکەنین دەرگـای بـۆ مـن ناکـاتەوە
چیتر خـۆشاوی عیشقی تـۆ ژەنگـی سینەم ناشـواتەوە
ئیـدی تروسکـای ئـومێد بـە دڵمـد نـاڕواتـەوە
بڕۆ چـاوەڕێ ی مـن مەبـە بـەژدار نـیم لـەئازارتەوە
قـەت من پێش بینیم نەدەکـرد گیانم ڕاکێـشی بەچـنگت
ئەوینی سـادەی مـن دەرکـەی لـەقـولای دڵـو سـنگت
جـارێکی تر بانگم نەکـەی بە جـوانیو ناسکی دەنگـت
ببتە عـەزرەت کـەببینم ئەو بـالای وا شـۆخـو شـەنگت

## چاوەڕێم

**من چاوەڕێم لە پەیژەی ڕقی ئەوینت**
**چەند هەنگاوێ بێیت خوارێ**
**ئەزانم دڵی ناسکم**
**بەرگەی ڕقی تۆ ناگرێ**
**بزەیەکت بێتە سەرلێو تەنها جارێ**
**بێمە ئاوێنەی خەیاڵت**
**چاوەڕێمە ئەو جارەیان**
**چەتری ئاشتەوایی هەڵدەی**
**تۆبمخەیتە ژێر بەزەیی چاوی کاڵت**
**منیش بخە ژێر چەتری بەسۆزی ئیشقت**
**لەچاوەڕوانیم مەهێڵە**
**وەرەوە بۆ ناو هەواری**
**جێژوانی سەرەتای ئەوین**
**ڕقو قینە بەجێ بێڵە**
**گەر ئیشق لات بەهای هەیە**
**تورەبونت ناڕەوایە**
**دڵ ڕەقی زۆری تێدایە**
**فرمێسکەك دابارینە**
**بەسەر ئەوگۆنایە سورەت**
**بەس فرمێسکان بپرژێنە**
**پێکەنینی ئەو لێوانەت**

بۆ لەبارگەی خەم پێچاوە
تۆ ئەم چاوە بەڵە کانەت
بەس بۆ خەمان بشێوێنە
گۆناشت سور هەڵگەڕاوە
کەفرمێسکت بەسەر گۆنای سورا ئەڕژێ
گەرمایی فرمێسکەکانت
گۆنای سورت ئەسوتێنی
جوانی گۆنات ئەشێوێنێ
ڕوی خۆش و بە پێکەنینت
بۆ چ خەمێك لە کۆڵ ناوە
ئەو بەژنە بەرزو بڵندەت
بە جلی ڕە ش دا پۆشیوە
بۆ ڕەش بینی باڵی بەسەر
ژیانی تۆ ڕاکێشاوە
ڕوخساری جوانی بەخەندەت
مەخە ژێردەستی ناسۆری
چونکە دڵی ناسکی تۆ
قەت ناسۆری نەبینیوە
من دامنابو لەو بەهارە
دڵت لەخەمان داشۆری
لەسەر فەرشی سەوزی بەهار
سینەی تۆ بکەمە سەرین
بەلاّم ئەمڕۆ من چیم بینی

**هەزاران داخ کە چیم بینی**
**دوچاوی سوری پڕ گرین**
**شاجوانم دی لە ماتەما**
**دیم ئەسوتێ لەنێو خەما**

**٢٠٠٧\٥\٨**

# بگۆڕەڤین

ڤین بگۆڕە بەخەندە
ڕوو گرژ مەبەهەندە
بێلە مەزلومی دەستت
یاریکەم بەو دوو قەندە
لەتۆ نایێ گرژیو ڤین
ڕووت جوانە بە پێکەنین
پەرچەم بلاون چین چین
بۆ نێو مەمیلان خشین
کاتێ لێ ئەدا زەنگت
کەگوێ بیستم لەدەنگت
دێتە بەرچاوم بالآت
دولیمۆی سوخمەی تەنگت
کەلەبۆم لێداوی زەنگ
نەتبو وەلآم نەتبوو دەنگ
چیبکەم ئارام ناگرێ دڵ
منم خەمبارو دڵ تەنگ
کێ وەستای خاڵ کوتینە
کوتات گەردنو سینە
وەستا کوێرایت دایێ
سینەی گوڵ مەیەشینە
خانمی تیژە دەرزی

چــــەماندت بــالآی بــــەرزی
ســـوك دەرزیــت داچــــەقێنە
وا ســـــەری لیمــۆی لــــەرزی
بـــە رگــــــەردنت کـــــوتـاون
مـــــەمیلت قیـــــت وەســـــتاون
چـــاوت بـــەکلێ خــــە مـلآون
زولفـــــی ڕەشـــــت بـــــلآون
نـــازانم عـــــەرفی سینــــەت
مانای ئــەو پیــت کوتینــەت
داخـــــم بـــۆ ســینەی سپیـــت
جێــی دەسبازیــــەو زینــــەت
بێنــە بۆنکــەم حــەرفو پیـت
هەلـــــژم دوو مەمـــــی قیـــت
زولفــــان لادەم لـــــــەسینەت
پــێم مــەڵێ خـــەریکی چـیت
شــەو و ڕۆژ زەنگــی تـــۆ بــوو
هــەرنامەودەنگــی تـــۆ بـــوو
دیارە دەست خــــەڕۆت دابـــوم
هـــــەر بــــۆ فێڵــــو درۆ بــــو و
تەلــەفـــۆن دامەخــــە لــێم
جاروبــار گـــوێ بگـــرە لـێم
دونیـــات لێکـــــردم تـــــاری
بێدین تۆ پەندت کـرد پــێم

بێدین تــۆ بوی هەوەل جـــار
گـــرت بـــەردا لــەگـــوڵزار
خـونچەی دڵـداریت ســـوتـان
ئـــەی زاڵمـــی ستـــەم کـــار
ئەم بەهارەم چـــوولە دەست
گـونای سـورم نەگەسـت تێـر
خـۆشەویـــستیت لــەگـــۆڕنا
یــارێ بەکـــاری ئەنقەســـت
ئەم ساڵ ڵـە خـەیاڵــم بـوو
کـــەلێو مـــژین کـــارم بـــوو
بـــەس شکـــاندت دڵـــی مـــن
ســـاڵی گـــریەو زارم بـــــوو

# گەڕانەوە

گـۆنـات بـبینم
چـەن دڵـم شـادە
دەسـڕی سـەرچـۆپـیت
دە بـادە و بـادە
سینەی خـاڵ خـاڵت
لـۆ لێـم پەنادە
بۆ تەکیەی ئیشق چـەندم کرد گـازیـت
وەك شـای دڵ داران
ها تمە پێشوازیـت
مـردم لـە ئیشـقت
هێشتـا نـارازیـت
پیربـوم نـەمـزانـی تـۆ
بـەچـی رازیت
خۆشبەختی ژینم
هـەمـوو لـەدەست چـوو
ڕقـو قـینەی تـۆ
لـە ریـسـاش دەرچـوو

تـازه مـرد جـوانی
شـەوقی هـەردوگـۆت
هاتـوی بکێشی داخـی
هـەڵـەی خـۆت
پـەشیمانیش بـی
سـودی نـابـێ بـۆت
هیواوجـوانـیمـت
خستبوه ژێـر پـێت
دووبـاره ئەوین چ کـەڵکی ئـەبـێ
چـۆلیم هەڵبژارد
وەك دێـوانـەو شـێت

# کۆچ

نازانم چــۆن بــۆت بەیانــکــەم خـــەم وداخ و دەردو کوڵـــم
نازانــم چــۆن بۆتـــی دەرخــەم ناســۆری وزامـــی نێــو دڵــم
باســی جەســتەی شەکەتم کەم هەنگاو لە پای ئەژنۆی شـلم
بۆچـی زەنگێکـیش لێنـــادەی نامــەت نایــێ دۆسـتی گوڵـــم
ئەگــەر ماوەیەك نامەت نـــێ چـــاوەڕێ زەنگـــی نامەتـــم
گەرمــنــیــش نە پرســم حــاڵت بــەو کــردارەم خەجاڵەتـــم
مــن فیــدای هەڵیوێســتــی جوان وفیــدای ئــەوچاوەکاڵەتم
من وتۆ دۆسـتی تازەنین مـن دۆســتی چەندیـــن ســـاڵەتم
لەئاهــو دەردە و نـاڵــەی مـــن زۆردەمــێکـــە بـــێ هەواڵـــی
ناڵــەی خـــۆم و دوری تـــۆشی باوانەکـــەم هاتــە پاڵـــی
دەبــێ کــەی خەنــدە هێــرش کــاو ئـــازاری دڵـــم ڕاماڵـــی
من لەنـــاو خەم وناڵەمەو تــۆش ئاســودەو خــۆش خەیاڵـــی
تۆدڵخۆش وخـۆش خەیاڵــی منیــش دەســت لەملانی گریـــان
ژان وخــەم وداخــم بــۆدێ هـــەروەك گێــژەلوکـــەی زریـــان
چــیبکــەم ژان بەرنــادا دڵـم گــیانـــم بـــوبە زام وبریـــان

# کۆچەری

لەشکری زولف ڕەشی گەمارۆیاندا سینە
خاڵی وردی بێژمار لە سینەی جێ نشینە
بڕۆی وەك دوو داس تیژ لە ژور ئەو چاوە شینە
دڵم لە چنگی تۆیە جار ناجاران سەر هەلینە
جلی رەش لەبەر مەکە جوانی بە ئالاّو والاّ
بەژنت داری سنۆبەر هۆڕەندێ بەرزە بالاّ
کێ دەرزی دا لە سینەت کوتی ئەو خەتو خاڵە
زولفی ڕەش شۆڕبونەوە لە لیرەر زێڕی ئالاّ
کەخەندە لێوت دەگرێ دیارە دانی بەفرینت
دڵت دەستەمۆ کردم دەبمە هاوبەشی ژینت
با نێو دڵت ماڵت بێ بێمە دڵی بەرینت
نەمخەیتە بەر تورەیت گیانەکەم توبیو دینت
بەهەموو سوێندی دنیا کەس جێگای تۆم بۆ ناگرێ
دڵم نازداری ئیشقە بەرگەی دووری تۆ ناگرێ
گوناهەت دەگا ڕەندی نۆ دیدارم لێ ڕاگرێ
زۆر دڵ خۆشم ئەوکاتەی چاو چەپم لێ داگرێ

# کێ هەیە

کێ هەیە لەڕێی ئەوینا وەك من ئازاری چەشتوە
چاوی چ ئاشقێ وەك من فرمێسکی زۆری ڕشتوە
کێ وەك من ڕەنگی مردنی لەڕووخساری هەڵنیشتوە
کێ وەك ومن بۆنی سینەو بۆنی زوڵفی هەڵمژتوە
کێ وەك من هۆنراوەی خۆشی بۆدۆستی خۆی داڕشتوە
دەمێکە لەگوڵی سینەت چاوم کزو قەتیس ماوە
گوڵی سینەی تۆهەرگەشەو لە پایزیش نەژاکاوە
کێ وەك من لەڕێی ئەینا گیانو دڵی هەڵقرچاوە
کێ وەك من لەڕێی ئیشقەکەی خۆشی ژینی بەلاناوە
دەزانن تیری ئەوینی چ زامێکی لەدڵ هێنا
دڵی منی کردە دەروێش بۆتەکیەی عیشق ڕایهێنا
تیری تیژی ئەوینی تۆ دڵی هەموو کون کون کردووم
تینو گڕی ئەوینی تۆ هۆش وفیکری هەموو بردم
بڕستێ لەژین بڕیوم سەیرکە هەنگاوی وردم
کەساڕێژ ناکەی زامی دڵ چاوەڕێکە هاکا مردم
زولفت وەك لەشکری مەغۆل سینەی سپی گەمارۆدا
سوخمەی بەسیم وپولەکەت پاڵیاندا بەسەر دوگۆدا
چاوت بازێکی گێرخواردو لەبەندی دووتە بڕۆی تۆدا
دڵی زامداری منت گرت هێشتت لەژێر سفت وسۆدا
دڵی زامداری منت برد تۆچۆن ئەو مافەت بەخۆدا
باوڕبکە لە پای ئیشقت یەکجار شەکەت وهیلاکم
هێندە دڵ بەکول وزامم لەمردنیش نییە باکم
خۆزیە باوڕت پێمەکرد چەن ئەوینداڕێکی پاکم

# لێم گەڕێ

لێمگـــەری گـــوڵ لێمگـــەڕێ لێمگـــەڕێ باوانەکـــەم
بێتـــاوانم وامەکـــە بـــەس ئیـــشقە تاوانەکـــەم
بـــەس ئـــەوجارەم لێگـــەڕێ شـــەرتبێ چـــیتر وانەکـــەم
خـــۆم ڕادەســـتی قـــەدەر کـــەم لـــەدەس قـــەدەر ڕانەکـــەم
بێنـــە ئەوزولفـــە ڕەشـــەت بـــەو پە نجانـــە شـــانەکەم
ئـــەو زولفـــە ڕشماریـــەت لـــەبۆ دانـــە دانـــە کـــەم
ئاشـــتی زامـــدارم زامـــدار تـــۆی دەواو دەرمانەکـــەم
گـــەرتۆش نامـــەکان ڕاگـــری مـــن هـــەر بـــۆت ڕەوانەکـــەم
لـــەداوی ئیـــشقت بەنـــدم ئاشـــتە خـــانو متنەکـــەم
لەســـەر ســـینەت دەخـــوێنم دەورو دەرســـو وانەکـــەم
تامـــەزرۆی هەڵـــژینی دوو ســـورە لێوانـــە کـــەم
ئـــەوجارەم قـــابێ ئاشـــتی شـــەرتبێ چـــیتر وانەکـــەم
چـــیتر ئـــاو بەســـەر گـــڕو پـــشکۆی عیـــشق دانەکـــەم
شـــەوو ڕۆژ خـــەوم نیـــە تـــانێم دڵـــت چـــانەکەم
ژیـــنم ژانـــە دوور لـــەتۆ ئەوینـــدارە جوانەکـــەم
لـــێم گـــەڕێ گیـــان لـــێم گـــەڕێ توخـــوا دڵـــم بەســـۆیە
دڵـــم زامـــدارە زامـــدار وابەســـتەی ئیـــشقی تۆیـــە
چـــۆن واباریکـــت کـــردوە ڕاتکێـــشا ئـــەو برۆیـــە
ئیـــشقت گیـــانی دگرتـــوم قـــەت پـــێم مـــەڵێ درۆیـــە

# نامە

لـەهەر گوڵێکــی بەهــارە تـەلێکــم بـۆتـۆچـنیــوە
تــانامەم گەیشــتە دەســتی تـۆ بــەرزو نزمـی زۆر بڕیـوە
ڕۆیشــتوە بەســەر هــەزاران کــەندو جۆمـو دۆڵـو شـــیوە
نامەم تـاگەیشتەدەستی تـۆ سـەدان خەنـدە لێـوی دیـوە
بۆنـی بـۆسـەدان عـاشـــقو ڕێیـــوارانی ڕێ بـەخـشـیـوە
بـینی بـە سـەدان داســتانی قـارەمانـــی نـەبـەزیـــوە
گوێ بیســت بوو بەســەدان نوزەو ناڵەی منــاڵی هەتیـــوە
کەزاڵمانی ســـتەمکار خەنـدەی سـەرلێوانیــان دزیـــوە
کەلەژێر ستەمی سـەختا ڕەنـگ و ڕوخـســاریان پەڕیـــوە
نــامەم تــەنگی بــەهەزاران بـۆنو عــەتـرا هــەڵـچنیـوە
لـەڕێگـا سـەدان ڕێیـواری مانــدو شــەکەتی بـینـیـــوە
ئینجا هاتــە بەردەرگـای تـۆ لـەگوڵـدانـی زێـڕو زیـــوا
دەگاتە دەسـتی ناسکـت پێیتی مـوژدە و خەنـــدە و هیـوا

# نەهاتی گوڵ

نەهاتی گوڵ نەهاتی دوێنێ چاوەڕوانت بوم
دوێنێ من زۆر چاوەڕێی دیدەنو جێژوانت بوم
ڕێزی میوانت نەگرت من دوێنێ مێوانت بوم
من چاوەڕێی دوو بزەی ڕوخسارو لێوانت بوم
گەر نەهاتی گوڵی من زەنگێکت لێدابا بۆم
دەزانی چەن عەبداڵی جێژوانو دیدەنی تۆم
چیبکەم دۆستم دڵ ڕەقە هاوار لەبۆ بەختی خۆم
شەو بێخەو و ڕۆژ بێدار دڵ بەزامارو بە سۆم
مۆبایلت دامەخە باگریان نەگری لێوم
من زامارو برینداری لەرەی دوو سورە سێوم
تۆ وەك کوردستان موکریو منیش شاعیر پەشێوم
گەر مۆبایل دا بخەی جارێتر نەبەی نێوم
دایمەخە گوڵ دایمەخە دایمەخە سینەی والأت
لەسەر سینەیان لابە زولفی لولو تێکئالأت
ماشەلای دەوێ بەژنت داری چنارە بالأت
لەسەر چاوم دادەنێم ئامۆژگاری و سکالأت
گوتت دێم چاوەڕێتم بەلأم بیرو ڕات گۆڕی
مەمنون دەبم باوانم چاو بەعالەم بنۆڕی
هەردو سەرکەمەریان گرت ماشەلأ زولف شۆڕی
چەن بەنەرمی هات ڕۆیی هەروەکو شۆڕە پۆڕی
لایاندە گوڵ گوڵ لأیاندە زولف گرتی سەر بڕۆت

کیفی شەمامەت تەنگە چەمندیان هەردوو گۆت
ئەزانی چەند عەبدالو شێتو سەر گەردانم بۆت
کیفی نایلۆن سوتاندی داخیکرد هەردوو لیمۆت
خۆزیە ئیشقم دەوا با بۆ دڵی پڕ داخو سۆت
وەرە بۆ جێژوانی کۆن بۆ پارکی بچین بەجۆت
دۆستی بەوەفای دلفین هەزار ئافەرین بۆ خۆت
بەخوای واقم وڕمایە لەتوڕە بونی بێ هۆت
واز لە ڕقو قین بێنە وەرەوە بۆ جێژوانێ
بەس تیری تیژی ئیشقت لەسەر زامی دڵ دانێ
تۆ پەیمانت دابەمن وەعدو ڕاست گۆیت کوانێ
بەهارێ چاو لەڕێ بوم بێیتو بچینە سەیرانێ
دە بینێرە بینێرە با نامەی ڕەنگینت بێ
با پەڕەی مۆبایلەکەم پڕ نامەی ڕەنگینت بێ
حەزدەکەم خەم نەبینیو گوێم لە پێکە نینت بێ
بامن گێم لە ڕێنمای و پێشنیاری ڕەنگینت بێ
هاتیەوە نێو خەیاڵم تۆی هاو ژینو هاو خەمم
من وەلی دێوانەمو ئاشتی گیان ئەتۆش شەمم
کەبێ هەوڵ بی خەمیش دەبتە هاوڕێی سێ جەمم
بەڕاستی من زۆرشەیدای لەرەی دوو زەردە مەمم

# بگەڕێوە گیانە

نەڕۆی جێم نێڵی بابە س بێ دووری
دڵ خۆشم کاتێ دێی ڕادەبوری
ژینم پڕ نەکەی لەتاڵیو سوری
تۆ بۆ من هەردەم هیواو سەبوری

وەرە ساتێ بت بینم
گوڵی ئاواتی ژینم
بگەڕێوە گیانە
دڵ بۆت پەرێشانە

یەکەم بینینت لێی کردم کاری
لێم بوی بەحەسرەت بوی بەیادگاری
دەمرم بەدوری ئیشق و دڵداری
ناتوانم بگرم بەرگەی ئازاری

وەرە ساتێ بت بینم
گوڵی ئاواتی ژینم
بگەڕێوە گیانە
دڵ بۆت پەرێشانە

کاتان دەژمێرم ڕۆژ بەدەم ڕێوە
چاوم چاوەڕێ زوو بگەڕێوە
بابچینە کوێستان بەرزو نشێوە
ناوت لەزارم خۆشترین نێوە

شەیدای کردومە ئەو لێوە ئاڵە
ساتێك لێت دوربم ژیانم تاڵە
بەدەست خۆم نیە ئیشقی تۆ زاڵە
ئازارم نەدەی نەمخەیتە ناڵە

وەرە گیانو هەناسەم
توخوا بشکێنە تاسەم
گوێم بۆ بگرە جوانێ
حازربە لۆ ژوانێ

وەرە ناو باخی جوانی ئەوینم
وەرە میوان بە لەماڵی ژینم
باخەم لەڕەنگو لێوت نەبینم
خوا بکە باسکت ببتە سەرینم

# وەرە

وەرە ئازیز دەستێ بنێ بەسەر
زامی کۆن و پڕ ئازارو ئێشی
تیری تیژی ئەوینەکەت
لەمێژە بە سۆزو ئەوین
یان بەڕوخساری پڕ جوانیو
لێوە بە پێکەنینەکەت
سەر نادەی لەزامی دڵم
لەمێژە نامەی ڕازاوەو پڕ وتەی ڕەنگینت نایە
تا خۆش بکات دڵی کوڵم
دەوەرە لە پارکی شارا
سەیرانو جێژوانێ سازکەین
لەناو چیمەنو گوڵ زارا
بەدەس خۆم نیە هیچ کاتێ
بەرنادەی یەخەی خەیاڵم
کەئەخەوم شەو لەخەومای
کەڕۆژ دادێ دڵم ئەلبومی وێنەتە
وادەزانم هەر لەگەڵمای
دانە دانە وێنەکانی
نێو جێژوان هەڵدەدەمەوە
بۆ خۆم دڵ یان دەدەمەوە
وەرە باهەناسەی ئیشقت
بدا لە ڕەنگ و ڕوخساری
منی ماندوی ئەویینداری
دەوەرەوە دەوەرەوە

# ئامۆزاگیان

جێ تیری ئیشقت
لێ ی کردوم بەزام
تارای جوانیەکـەت
نێو دڵی پێکام
بەدیار وێنەکەت شەوگار دەگـریام
زۆر پەرێشانم
خـۆت بگـە فریام
توخـوا
زامی دڵ جـێمێڵە ئاوە
من ناگرم بەرگەی دوری و جودایی
خـەم ڕوخسارمی
گـەمارۆ داوە
بێلە باسـەرکەم
بەو قۆڵوباسکـە
تۆش زامو کـوڵی
نێو دڵت باسـکـە
لەعزور ئیشـق
من گـوناهبارم
من بۆدڵـی تۆ ئازارم هێنا
سـەر بەرز ناکەم زۆر شەرمەزارم

## ئەوینەکەم

دەبێ کــەی بێوکــۆتـای بێو
من نەچــێژم دەردی دوری
دەبێ هەتـاکو کــەی دوربم
لەخەندەی دوو لێوی سوری
عیشق دڵت ئــازارەدا
ئــازیز دەبێت لــێم ببــوری
لە دوری ئەوینو عیشقت
وێنەم دانـــای بۆ ســەبوری
ئاخۆ کــەیبێو کــۆتـای بێ
خــەمو ناسۆری شەوانم
دەردی دوریو زامی عیشقت
وەك شــۆڕەبی دایچەمــانم
عـاشقێکی ئازارچــەشتوی
ســوتەی ڕۆژگــارو زەمانم
ڕقــوقینەی زەمەن بــۆچــی
دڵی منی کــرد بە نیشان
دڵشکاوی عیشقی کــردم
دەخــۆم تـاڵاوی برکــو ژان
تێر بۆنم نەکرد زولفی لول
کەدادەپۆشی سینەو شــان
بیرۆکەی خــۆشبەختی ژینم
بەدابڕان لێك هــەڵوەشان
ئەستێرەی هیوای دڵی من
ئاوابوو کــەوتە داکــشان



لەڕاستەوە بۆ چەپ

حاجی عوسمان ئۆمەربلی  حاجی سعدولا شێخانی  سەرهەنگ مەلا محمد